کەبات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5983) یەکشەممە 9ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



بەرەو ٧٤ـمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی سی و حەفت ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان:

تاوانی وا گەورە و نامەردانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن



رۆژی 31ـی 7ـی 2020، سەرۆک مەسعود بارزانی، بەبۆنەی یادی 37 ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان، پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند «کەم رۆژ هەن یادی کارەسات و تاوان و زوڵمێك نەبێ کە دەرهەق گەلی کوردستان نەکرابێت. تاوانی وا گەورە و نامەردانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن. گەلی کوردستان دەیتوانی تۆڵە بکاتەوە، بەڵام دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و ڕێگەی بەخشین و کردنەوەی لاپەڕەی تازەی گرتەبەر».

(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)

جۆن بۆڵتن: دەبێ ئەمەریکا دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت

5

ریفراندۆم لە پرەنسیپدا بیرۆکەیەکی باشبوو بۆ باوەڕهێنانی جیهان بە بەهێزی هەستی کورد بۆ سەربەخۆیی



سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوخەمیی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی لوبنان دەردەبڕێت

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە تویتێکدا پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ خەڵکی لوبنان دەربڕی. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تویتێکدا لەبارەی تەقینەوەکانی لوبنان نووسیویەتی، هاوسۆزی خۆمان بۆ قوربانییانی تەقینەوە وێرانکەرەکەی بەیروت دەردەبڕین و هاوسۆزی خۆمان بۆ خێزان و هاوڕێیانی قوربانیان دەردەبڕین. ئاماژەی بەوەشکردووە، هەرێمی کوردستان لە کاتە سەختەکان لەگەڵ خەڵکی لوبنان دەمێنێتەوە.





سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکات

ئێوارەی دوێنێ شەممە 8ـی 8ـی 2020 سەرۆک مەسعود بارزانی لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە بەڕێز محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە کرد.
لەو پەیوەندییەدا سەرۆك بارزانی پیرۆزبایی یادی چل و چوار ساڵەی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتیی و سەرکردایەتی و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە کرد و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خواستن. هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا جەخت لە برایەتی و هەماهەنگی هەر دوو لا کرایەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان.



ئەو گوندانەی دەکەونە ناو ماستەرپلانی هەولێر، تاپۆ دەکرێن

دوای فراوانبوونی شاری هەولێر و دانانی ماستەرپلانی شارەکە، ژمارەیەك گوند کەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانیی هەولێر، سەرۆکی شارەوانیی هەولێریش دەڵێ، هەموو ئەو گوندانە تاپۆ دەکرێن.

(دەقی هەواڵەکە لە ل6 بخوێنەوە)

جەلیل گادانی کۆچی دوایی کرد تێرامانێک لە ژیان و بۆچوونەکانی

8

سلێمان خالید ئازگەیی کۆچی دوایی کرد



رۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی 2020-8-5، پێشمەرگە و رۆژنامەنووس سلێمان خالید ئازگەیی، لە تەمەنی 65 ساڵیدا لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
سلێمان خالید ئازگەیی کە بە (مام سلێمان ئازگەیی) ناسرابوو، یەکێك لەو پێشمەرگە و رۆژنامەنووسانە بوو، تەمەنێکی زۆریان لە خەبات و زیندانەکانی رژێمی بەعس بەڕێکردووەو لە هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات و گۆڤاری گوڵان و رۆژنامەی التاخی دا، رۆڵێکی بەرچاوی لە بواری نەخشەسازیدا هەبووە. کۆچی دوایی مام سلێمان ئازگەیی وێڕای ئەوەی خەسارەتێکی گەورەیە لە تەواوی ئەو تۆرگانانەی خوالێخۆشبوو کاری تێداکردووە، هاوکات دەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی حزبی و حکوومی و جەماوەری هەرێمی کوردستان هەبوو.

لە لاپەڕە (12 - 13) چەند بابەتێکی تایبەت بە کۆچی دوایی مام سلێمان ئازگەیی بخوێنەوە.

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی قوربان:

داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکەم خۆیان لە گوتاری زبر و گرژ و ناشیاو لە بەرانبەر یەکتر بپارێزن



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری ناوخۆی عێراق دەکات

رۆژی چوارشەممە ٢٩ی ٧ی ٢٠٢٠ سەرۆك مسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز عوسمان غانمی وەزیری ناوخۆی عێراق کرد.
لە دیدارێکدا باس لە هەماهەنگی و پێکەوەکارکردن لەوەی پەیوەستە بە ئەمنییەت و ئاسایش بە تایبەت لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کرا.

سەرۆك مەسعود بارزانی، بەبۆنەی جەژنی قوربان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، هەروەها داواشی لە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کرد لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستاندا بن. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی قوربان گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی موسڵمانانی کوردستان و عێراق و هەموو جیهان دەکەم. پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەموو هاووڵاتیانی خۆشەویست دەکەم و هیوادارم ئەو جەژنە بێتە مایەی خۆشی و بەرەکەت و ئاشتی لە کوردستان و عێراق و لە ناوچەکەمان.

لەکاتێکدا پێشوازی لەو جەژنە پیرۆزە دەکەین کە گەلەکەمان لەگەڵ تەحەددیاتی گەورەی سیاسی و ئابووری و تەندروستی ڕووبەڕوو بووەتەوە. ئەو تەحەددیاتە سەرچاوەی زۆرێک لەو کێشە و گرفتانەن کە سەقامگیریی سیاسی و بار و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەکەنە ئامانج.

لەپێناو تێپەڕاندنی تەحەددیات و ئەو بارودۆخە سەختە ئەرکی هەموو لایەکمانە کە بە ئاراستەی تەبایی و برایەتی و کاری هاوبەش و قوڵکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان هەنگاو بنێین. وێرای ئەوەی زۆر سوپاسگوزاری خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانم کە لە هەموو قۆناغەکان تەحەمولی سەختی و تەحەددیاتەکانیان کردووە، جەژنی پیرۆزی قوربانیش بە دەرفەت دەزانم کە داوا لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکەم کە لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و تێپەڕاندنی کێشەکان لەگەڵ یەکتردا دابنیشن. ئەوەیشمان هەردەم بەبیر بێت کە بەتەبایی و یەکڕیزی کێشەکان باشتر چارەسەر دەبن و لە سایەی پێکەوەیی و یەکڕیزیدا دەستکەوتی گەورە بۆ گەلەکەمان هاتوونەتە دی. بە دڵنیاییەوە خەڵکی کوردستانیش هەر ئەوە لە لایەنە سیاسییەکان چاوەڕێ دەکەن. بۆیە داوا دەکەم هەموو لایەنە سیاسییەکان لەئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستاندا بن و لە هەمانکاتیشدا ڕەچاوی فەرهەنگی باڵا و دەوڵەمەندی کوردەواری بکەن و خۆیان لە گوتاری زبر و گرژ و ناشیاو لە بەرانبەر یەکتر بپارێزن.

لەم بۆنە پیرۆزەدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی ماندووبوونی کارمەندانی تەندروستی و پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و ڕاگەیاندنەکان بکەم کە لەو کاتەی پەتای کۆرۆنا ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ یارمەتیدانی خەڵك و جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان و هۆشیاریی تەندروستی ئەرك و شەونخوونیی زۆریان کێشاوە.

جەژنی هەموو لایەك پیرۆز بێت و هیوای بەختەوەری خۆشیتان بۆ دەخوازم.

مسعود بارزانی
٣٠ی ٧ی ٢٠٢٠

پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی سی و حەفت ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان:

تاوانی وا گەورە و نامەردانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن

گەلی کوردستان دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و ڕێگەی بەخشین و کردنەوەی لاپەڕەی تازەی گرتەبەر

رۆژی ٣١ی ٧ی ٢٠٢٠، سەرۆك مەسعود بارزانی، بەبۆنەی یادی ٣٧ ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانییەکان، پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند «کەم ڕۆژ هەن یادی کارەسات و تاوان و زوڵمێك نەبێ کە دەرهەق گەلی کوردستان نەکرابێت. تاوانی وا گەورە و نامەردانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن. گەلی کوردستان دەیتوانی تۆڵە بکاتەوە، بەڵام دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و ڕێگەی بەخشین و کردنەوەی لاپەڕەی تازەی گرتەبەر». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

ئەمڕۆ لە کاتێکدا جەژنی پیرۆزی قوربان دەکەینەوە کە هاوکات سی و حەفت ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانیدا تێدەپەڕێت. لەو یادە تاڵەدا خۆشیی جەژن و حوزنی نەبوونی ئازیزانمان ئاوێتەی یەکترن و قەسیدەیەکی (ئەلوتەنەبی)ـی شاعیر چەندە گونجاوە بۆ ئەمڕۆ کە دەڵێ: «بە چی حاڵێك هاتیەوە ئەی جەژن، وەکو جارانی یان هەواڵێکی نوێت پێیە...». ئەمە حاڵی هەموو ڕۆژ و هەموو سات و هەموو جەژنی ئەو ئافرەتە بارزانیانەو و هەموو کەسوکاری ئەنفالە کە ستەمیان لێ کرا و دەیان ساڵ لە چاوەڕوانی ئازیزانیان بوون کە بە زوڵم بردران و ئەنفال کران. بەڵام هەر ئەو ژنە قارەمانانە بە سەربەرزی و عیزەتی نەفسەوە بەرگەی خەمی لەدەستدانی ئازیزانیان گرت و بەرەو لووتکەی بەهاکان هەڵکشان.

لە دەرێژایی ساڵدا کەم ڕۆژ هەن یادی کارەسات و تاوان و زوڵمێك نەبێ کە دەرهەق گەلی کوردستان نەکرابێت. تاوانی وا گەورە و نامەردانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن. گەلی کوردستان دەیتوانی تۆڵە بکاتەوە و بەڵام دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و ڕێگەی بەخشین و کردنەوەی لاپەڕەی تازەی گرتەبەر. چونکە فەرهەنگی گەلی کوردستان جیایە لە فەرهەنگی نامەردان و شۆڤینیەت و داگیرکاری. لەو یادەدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی بارزانییە ئەنفالکراوەکان و هەموو ئەفسەوە بەرگەی خەمی لەدەستدانی ئازیزانیان گرت و بەرەو لووتکەی بەهاکان هەڵکشان.

لە دریژایی ساڵدا کەم ڕۆژ هەن یادی کارەسات و تاوان و زوڵمێك نەبێ کە دەرهەق گەلی کوردستان نەکرابێت. تاوانی وا گەورە و نامەردانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن. گەلی کوردستان دەیتوانی تۆڵە بکاتەوە و بەڵام دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد و ڕێگەی بەخشین و کردنەوەی لاپەڕەی تازەی گرتەبەر. چونکە فەرهەنگی گەلی کوردستان جیایە لە فەرهەنگی نامەردان و شۆڤینیەت و داگیرکاری. لەو یادەدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی بارزانییە ئەنفالکراوەکان و هەموو شەهیدانی ئەنفال و شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کورد و کوردستان دەنێرین و باشترین وەفایش بۆ خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی میللەتەکەمان، یەکڕیزی و برایەتیی نێوانمان و، خۆشەویستیی نیشتیمانە.

مسعود بارزانی
٣١ی ٧ی ٢٠٢٠

پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ شەشەمین ساڵیادی کارەساتی کۆمەڵکوژیی شنگال:

ئێزیدییەکان بەهۆی کوردبوون و بەهۆی ئایین و بیروباوەڕییان کەوتنە بەر شاڵاوی ڕق و جەهل و بێویژدانیی تیرۆریستان

پێویستە کۆتایی بەم بارودۆخە ناسروشتییەی شنگال بهێنرێت و شنگال بگەڕێتەوە دەست خاوەنە ڕەسەنەکانی

رۆژی ٣ی ٨ی ٢٠٢٠، سەرۆك مەسعود بارزانی بەبۆنەی شەشەمین ساڵیادی کارەساتی کۆمەڵکوژیی شنگال لە پەیامێکدا ڕایگەیاند «پێویستە کۆتایی بەم بارودۆخە ناسروشتییەی شنگال بهێنرێت و شنگال بگەڕێتەوە دەست خاوەنە ڕەسەنەکانی و پێویست دەکات ڕێوشوێنی وا بگیرێتە بەر کە چیتر کارەسات و زوڵم و تاوان لەدژی ئێزیدییەکان و پێکهاتەکانی تر دووبارە نەبێتەوە». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

ئەمڕۆ شەش ساڵ بەسەر کارەساتی تاوانی کۆمەڵکوژیی شنگالدا تێدەپەڕێت. کارەساتێك کە تێیدا تیرۆریستانی داعش بە شێوەیەکی دڕندانە تاوانیان بەرانبەر خوشك و برا ئێزیدییەکانمان ئەنجام دا. ئەو تاوانە بڕینێکی قوواڵە لەسەر جەستەی گەلی کوردستان و هەرگیز لەبیر ناکرێت. لەم کارەساتەدا ئێزیدییەکان بەهۆی کوردبوون و بەهۆی ئایین و بیروباوەڕییان کەوتنە بەر شاڵاوی ڕق و جەهل و بێویژدانیی تیرۆریستان. ئەوەی تاوانبارانی داعش لەدژی خوشك و برا ئێزیدییەکانمان ئەنجامیان دا دڕێژەکراوەی ئەو زنجیرە کارەسات و تاوانانە بوو کە بە دڕێژایی مێژوو دەرهەق گەلی کوردستان ئەنجام دراوە.

لەم یادە دڵتەزێنەدا بە بەرزی یادی شەهیدان و قوربانیانی شنگال دەکەینەوە. هاوکات یادی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەیش دەکەینەوە کە بە خوێنی خۆیان شنگال و چیای شنگالیان لە دەست تیرۆریستان ئازاد کرد و مەردانە تۆڵەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان لە تیرۆریستان کردەوە.

بە پێویستی دەزانم لێرەدا جارێکی تر جەخت لەوە بکەمەوە کە بە هەموو توانایەکمەوە پشتیوانی داواکاریی خوشك و برا ئێزیدییەکان دەکەم بۆ ئەوەی سەربەرزانە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ژیانێکی ئاسوودە و ئارام و دوور لە ستەمکاری و چەوساندنەوەیان هەبێت و بتوانن کاروباری خۆیان لە ناوچەکانیان بەڕێوە ببەن. جێگەی داخێکی زۆرە دەڤەری شنگالیش لە دوای ڕووداوەکانی شازدەی تۆکتۆبەر کەوتە بەر کاریگەریی پیلانی ناحەزانی خەڵکی کوردستان. ئەو کات بۆ ئەوەی ڕێگە لە کارەساتی تر و خۆبڕشتنی نێوان ئێزیدییەکان بگیرێت وا ڕێککەوتن کرا کە کۆنترۆڵی شنگال بدرێتە ئێزیدییەکان و ئێزیدییەکان هەر خۆیان ئیدارەی شنگال و ناوچەکانیان بکەن بەڵام هەتا ئێستایش حکوومەتی عێراقی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە نەبووە و شنگال کەوتووەتە دەست خەڵکی تر. هەر بۆیەش هەتا ئێستا ئێزیدییەکانی دەڤەری شنگال لە ژیان و داهاتوویان دڵنیا نین و بۆ ناوچەکانیان نەگەڕاونەتەوە و هەر لە دۆخی ئاوارەیی و ژیانی کەمپەکاندا ماونەتەوە کە لە ڕاستیدا ئەوەیان زوڵمێکی گەورەیە.

بۆیە پێویستە کۆتایی بەم بارودۆخە ناسروشتییەی شنگال بهێنرێت و شنگال بگەڕێتەوە دەست خاوەنە ڕەسەنەکانی و پێویست دەکات ڕێوشوێنی وا بگیرێتە بەر کە چیتر کارەسات و زوڵم و تاوان لەدژی ئێزیدییەکان و پێکهاتەکانی تر دووبارە نەبێتەوە.

لەیادی کارەساتی کۆمەڵکوژیی شنگالدا دڵم بەردەوام لەگەڵ خوشك و برا ئێزیدییەکانە و هاوخەمی کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە ناخەڕێنەم. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شنگال و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان.

مسعود بارزانی
٣ی ٨ی ٢٠٢٠

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بۆ باتریارک کاردینال مار لویس ڕۆفائیل ساکۆ

رۆژی ٢٩ی ٧ی ٢٠٢٠، سەرۆك بارزانی لە پرسەنامەیەکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو سامرە ڕۆفائیل ساکۆ، خوشکی باتریارك کاردینال مار لویس ڕۆفائیل ساکۆ، سەرۆکی کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان، سەرەخۆشی لە پاتریاك و خانەوادەکەی کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێز باتریارك کاردینال مار لویس ڕۆفائیل ساکۆ
سەرۆکی کەنیسەی کلدانی لە عێراق وجیهان.

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی بەڕێزتان خاتوو (سامرە ڕۆفائیل ساکۆ) م پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی ئێوە و خانەوادەکەتان دەکەم وخۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم و لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە خوالێخۆشبوو بخاتە بەر ڕەحمەتی فراوانی خۆی و سەبر و ئارامیتان پێ ببەخشێت.

مسعود بارزانی
٢٩ی ٧ی ٢٠٢٠

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی شێخ عەزیز شێخ بابە ڕەسوڵ تۆران دەکات

رۆژی ٢ی٨ی٢٠٢٠، سەرۆك مەسعود بارزانی، بەبۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و شێخی تەکیەی قادری لە گەرمیان (شێخ عەزیز شێخ بابە ڕەسوڵ تۆران)، پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەکەی کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان لە خانەوادەی شێخ عەزیز شێخ بابە ڕەسوڵ تۆران

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و شێخی تەکیەی قادری لە گەرمیان(شێخ عەزیز شێخ بابە ڕەسوڵ تۆران)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزتان و تەواوی خزم و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خوای گەورە داواکارم گیانی شێخ عەزیز شێخ بابە ڕەسوڵ تۆران بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئۆقرەیی و ئارامییش بەهەموولایەك ببەخشێت .

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
٢ی٨ی٢٠٢٠

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە ئەلی خان تاهیرخان سمکۆ دەکات

سەرۆك مەسعود بارزانی، بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك عەبدوڵڵای برایان، پرسەنامەیەکی ئاراستەی کاك عەلی خان تاهیرخان سمایل ئاغا (سمکۆ) و خانەوادەکەیان کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێز کاك عەلی خان تاهیرخان سمایل ئاغا (سمکۆ)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك عەبدوڵڵای براتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و خزم و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خوای گەورە داواکارم گیانی کاك عەبدوڵڵا بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئۆقرەیی و ئارامییش بەهەموولایەك ببەخشێت .

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
١ی٨ی٢٠٢٠

پەیاما سەرۆک بارزانی بۆ جەژنا چلێ هاڤینێ یا ئێزیدیان

رۆژی ٢ی ٨ی ٢٠٢٠، بە بۆنەی جەژنی «چلەی هاوین»ی ئاینی ئێزیدییەوە، سەرۆك مەسعود بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کوردانی ئێزدی کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ب ناڤێ خودایێ مەزن و دلۆڤان

بە هەلکەفتا جەژنا چلێ هاڤینێ یا خوشك و برایێن ئێزیدی پیرۆزباییەکا گەرم ل ئەنجوومەنا ڕۆحانی و هەمی ئێزیدییێت کوردستانێ و جیهانێ دکەم. هیڤیدارم ئەڤ جەژنە بۆ هەمی ئێزیدیان و ب تایبەت ئێزیدییێت کوردستانێ ببیتە دەرگەهەك بۆ دەستپێکەکا نوو و سارێژبوونا هەمی برین و ئێش و ئازاریێت دەستێ تیرۆرێ و خوشك و برایێت ئێزیدی هەمی جەژن و هەلکەفتێت ئایینی د ئارامی و تەناهیێ ببەنە سەر. جەژنا هەوە پیرۆز بیت و بمینن ب خێر و خۆشی

مسعود بارزانی
٢ی ٨ی ٢٠٢٠

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جەژنی پیرۆزی قوربان:

بە رێز و پێزانینێکی زۆرەوە لە خۆڕاگری و پشوودرێژیی کوردستانیان دەڕوانم

جەژنی قوربان لە خێزان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان، لە موسڵمانانی کوردستان، عێراق و جیهان، هەروەها لە هێزەکانی ناوخۆ، پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی و دامەزراوە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان کە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان بەرەنگاری پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونەتەوە، بە گەرمی پیرۆز دەکەم.

هیوادارم جەژن بکەینە دەرفەتی قوونکردنەوەی زیاتری گیانی لێبوردەیی، تەبایی و پێکەوەییی پێکهاتە ئاینینی و نەتەوەییەکانی کوردستان، هەوڵەکانی هەموو لایەکیشیان بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان بگاتە سەرکەوتنی یەکجاری. کوردستانیان دڵنیا دەکەمەوە لەم پێناوەدا بەردەوام دەبین و دەبێ هەموو لایەك توانا کامنان یەك بخەین و پێکەوە کار بکەین بۆ چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی قەیران و گرفتەکان و مسۆگەرکردنی ماف و شایستە دەستوورییەکان و پاراستنی پێگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان.

بە رێز و پێزانینێکی زۆرەوە لە خۆڕاگری و پشوودرێژیی کوردستانیان دەڕوانم کە بەهۆی نزیکبوونەوەی کاتی تیرۆر و جموجوڵەکانی داعش، چالاکیی داعش لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریا و گرنگیی کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورە، دۆخی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دۆخی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی تیرۆر و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، داکۆکی لەسەر بەردەوامی و بەرەودان بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەردوو وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵ و هەرێم و دامەزراوەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە، کرایەوە، هەروەها بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێزانینی خۆی بۆ ڕۆڵی ئەرێنیی بەڕێز وەزیری ناوخۆی عێراق و هەوڵەکانی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٧/٣٠

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یادی ئەنفالکردنی بارزانییان



ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٣١، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەیادی ٣٧ ساڵەی ئەنفالکردنی هەشت هەزار سڤیلی بێتاوانی بارزانی، پەیامێکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند «بە شکۆوە گیانی پاکی ئەنفالکراوان و تەواوی شەهیدانی کوردستان بە بیر دەهێنینەوە، سڵاو و ڕێز بۆ خێزان و کەسوکاریان دەنێرین. لە هەوڵەکانمان لە ئاستی عێراق و جیهان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی جارێکی دی لە هیچ شوێنێك مرۆڤایەتی ئازار و مەرگەساتی وەك ئەنفال و کیمیاباران نەبینێتەوە، حکوومەتی عێراقیش دەبێت پابەندی قەرەبووکردنەوەی قوربانییان بێت».

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ یادی ئەنفالکردنی هەشت هەزار سڤیلی بێتاوانی بارزانی دەکەینەوە کە بەر لە سی و حەوت ساڵ ١٩٨٣/٧/٣١ لە ماوەی دە ڕۆژدا لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی قوشتەپە و بەحرکە، هەریر و دیانا لە سنووری پارێزگای هەولێر، ڕژێمی بەعس جینۆسایدی کردن و بۆ هەمیشە ڕاپێچی مەرگستانی بیابانەکانی باشووری عێراق کران.

دوای ئەوە دایکان، ژنان و خوشکانی ئەنفالکراوان، باری قورسی ژیانێکی تاڵ و چارەنووسێکی ئازاربەخشیان کەوتە ئەستۆ. دەبووایە بۆ منداڵانیان ببنە باوك و برا و بە ڕەنجی خۆیان بژێوی ژیان پەیدا بکەن. لەم ڕۆژەدا بەوپەڕی ڕێز و پێزانینەوە لە ڕۆڵی ئەو دایك و خوشکە ڕووسپیپانە دەڕوانین کە بەرگەی ژیانێکی مەرگەساتباریان گرت، بەڵام هەرگیز کۆڵیان نەدا.

هەر لەم یادەدا بە ڕێز و پێزانینەوە ڕۆڵی جوامێرانەی خەڵکی هەولێر و دەوربەری، خەڵکی هەریر و باتاس و دیانا و دەوروبەریان بە بیر دەهێنینەوە کە هەموو هاوکارییەکان پێشکەش بە خێزان و کەسوکاری ئەنفالکراوان کرد. بوونە پشت و پەنایان و دەرفەتی کار و پەیداکردنی بژێوی ژیانیان بۆ ڕەخساندن. جوامێریی ئەوان بۆ هەمیشە لە یادەوەریی ئێمە و کەسوکاری ئەنفالکراوان و کوردستانییاندا دەمێنێتەوە.

بە شکۆوە گیانی پاکی ئەنفالکراوان و تەواوی شەهیدانی کوردستان بە بیر دەهێنینەوە، سڵاو و ڕێز بۆ خێزان و کەسوکاریان دەنێرین. لە هەوڵەکانمان لە ئاستی عێراق و جیهان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی جارێکی دی لە هیچ شوێنێك مرۆڤایەتی ئازار و مەرگەساتی وەك ئەنفال و کیمیاباران نەبینێتەوە، حکوومەتی عێراقیش دەبێت پابەندی قەرەبووکردنەوەی قوربانییان بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٧/٣١



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکات

ئێوارەی دوێنێ شەممە 8/8/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی یادی 44 ساڵەی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان و سەرکردایەتی و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کرد.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، ڕۆڵ و مێژوو و تێکۆشانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی بەرز هەڵسەنگاند و لەم یادەدا بە ڕێز و شکۆوە شەهیدانی حزب و هەموو شەهیدانی کوردستانی بەبیر هێنایەوە، هەروەها جەختی لە تەبایی و یەکڕیزی و پێکەوەکارکردنی لایەن و پێکهاتە کوردستانییەکان کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سوپاس و پێزانینی خۆی و سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەم بەسەرکردنەوەیەیان دەربڕی و هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕێزیان و هەوڵەکانی لەپێناو تەبایی و یەکڕیزیدا خواست.





سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆی عێراق کۆبوونەوە

نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز عوسمان ئەلغانمی، وەزیری ناوخۆی عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دۆخی ئەمنیی عێراق و مەترسییەکانی تیرۆر و جموجوڵەکانی داعش، چالاکیی داعش لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریا و گرنگیی کۆنترۆڵکردنی ئەو سنوورە، دۆخی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دۆخی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی تیرۆر و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، داکۆکی لەسەر بەردەوامی و بەرەودان بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەردوو وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵ و هەرێم و دامەزراوەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە، کرایەوە، هەروەها بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێزانینی خۆی بۆ ڕۆڵی ئەرێنیی بەڕێز وەزیری ناوخۆی عێراق و هەوڵەکانی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور کرد

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز چۆی کوانژین کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی، ئەزموونی سەرکەوتووی کۆریای باشوور لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پەتاکەدا، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆریای باشوور و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد. هەردوولا جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆریا و دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی کۆری لە هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها بەڕێز کونسوڵی گشتیی کۆریا ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق کرد.

پەیاما سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ بۆ جەژنا چلێ هاڤێنێ یا ئێزدییان

جەژنا چلێ هاڤینێ یا خوشك و برایێن ئێزدی ل هەمی ئێزدییان ل کوردستانێ و ل هەر دەرەکا جیهانێ بن، بتایبەتی ژی جەژنا ئێزدی یێن کو هەتا نهۆ ژی ژیانا خۆ د کەمپێن ئاوارەییێدا دەرباز دکەن، ب گەرمی پیرۆز دکەم. هیڤیدارم جەژن بۆ ئێزدییان و هەمی کوردستانێ ب خێر و شاهی ڤەگەڕیت و ئەم هەمی جەژن و بیرهاتنێن خۆ یێن بهێن، د ڕەوشەکا باشتردا بگێڕین. هەر ب ڤێ هەلکەفتنێ جارەکا ب ڕێز و شکۆداری هەمی خوشك و برایێن مە یێن ئێزدی یێن قوربانی یێن دەستێ تیرۆرێ ببیر تینین، سلاڤ و درووداڤ بۆ گیانێ وان دهنێرین، مالبات و کەسوکارێن هەمی ڕەڤاندییان ژی پشتڕاست دکەین کو هندی خوشك و برایەکێ مە یێ ئێزدی وندا مابێت، دێ لسەر هەولا ڤەدیتن و ڤەگەڕانا وان و خویابوونا چارەنڤیسێ وان بەردەوام بین.

جەژنەکا ئارام بۆ هەمی ئێزدییان دخوازم، ب هیڤیا کو جەژنێن بهێن هەمی ئێزدییێن ئاوارە ڤەگەڕیابنە سەر مال و جهێن خۆ یێن ئاڤەدانکری. دیسا جەژنا هەمیان پیرۆز بیت، هەر سال ب خێر و خۆشی.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
٢٠٢٠/٨/٣

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یادی کارەساتی شەنگال:

خوشک و برایانی ئێزدی هەمیشە هۆکارێکی گرنگ و کارای کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی بوون و بۆ هەمیشە هەروا دەمێننەوە



ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٣١، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەیادی شەش ساڵەی جینۆسایدی ئێزدییان و کارەساتی شەنگال، پەیامێکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند «دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لەسەر هەوڵەکانی بۆ دابینکردنی سەقامگیری و گێڕانەوەی ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و کردنی بە پارێزگا بەردەوام دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق و ئیدارەی پارێزگای مووسڵ هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەك دەکات، هەروەها لەسەر بنەماکانی سیاسیانن.

بێهاوتای تیرۆرستانی داعش. هیچ کەسێك بڕوای نەدەکرد لە سەدەی بیست و یەکدا مرۆڤایەتی جارێکی دی مەرگەساتێکی وا دەبینێتەوە کە هەموو جیهان شۆك دەکات. سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی قوربانییانی کارەساتی شەنگال و تەواوی خوشك برایانی ئێزدی.

لە کاتێکدا ئەم یادە بەئازارە دەکەینەوە، بەداخەوە هێشتا برینی خوشك و برایانی ئێزدییان خوێنی لێ دەچۆڕیت و بە هەزارانیان لە کەمپەکانی ئاوارەییدا دەگوزەرێنن. شەنگال و ناوچەکانی دیکەی ئێزدییان هێشتا ئاوەدان نەکراونەتەوە و زەمینەیەکی لەباری گەڕانەوەی سەقامگیری و گێڕانەوەی ژیانیان تێدا نییە. شەنگال کراوەتە مۆزەخانەیەکی چەکدارانی نایاسایی کە بێباکانە لەسەر برین و خەمی ئێزدییان خەریکی بەڕێوەبردنی ئەجێندا و بەرنامەی سیاسیان.

لەم یادەدا دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لەسەر هەوڵەکانی بۆ دابینکردنی سەقامگیری و گێڕانەوەی ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و کردنی بە پارێزگا بەردەوام دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق و ئیدارەی پارێزگای مووسڵ هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەك دەکات، هەروەها لەسەر ئاستی نێوەدەوڵەتیش کار دەکات تا بە هاوکاریی یوونیتاد ئەو تاوانە بە جینۆساید دەناسرێت و تاوانکاران دەدرێنە دادگا و قوربانییان قەرەبوو دەکرێنەوە.

خوشك و برایانی ئێزدی بە هەزاران ساڵ لەسەر زێدی خۆیان بڕوا و ئایینی خۆیان پاراستووە و هەمیشە هۆکارێکی گرنگ و کارای کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی بوون و بۆ هەمیشە هەروا دەمێننەوە. لەم یادەدا جەخت لە قوولکردنەوەی ئەو کولتوورە دەکەینەوە و هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دڵنیا دەکەینەوە کە کوردستان بە لانکەی ئارام و پارێزراوی هەموان دەمێنێتەوە، هەروەها بەڵێنیش بۆ کەسوکاری ڕفێنراوان دووپات دەکەینەوە لە گەڕان و ڕزگارکردنیان و هەوڵدان بۆ زانینی چارەنووسیان بەردەوام دەبین.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، شەنگالیان ڕزگار کرد و لەوپێناوەدا گیانیان بەخشی. سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەوانەی لە ناوخۆ و دەرەوە هاوکارییان پێشکەش بە ئێزدییان کرد. خوشك و برایانی ئێزدی دڵنیا دەکەینەوە بۆ دابینکردنی دادپەروەری و داهاتوویەکی باشتر هەمیشە لەگەڵیاندا دەبین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٨/٣

پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی 37ـمین ساڵیادی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان:

جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، شاڵاوێکی ڕەگەزپەرستانە بوو بۆ لەناوبردنی ناسنامە و سڕینەوەی میللەتێکی مافزەوتکراو

ڕۆژی هەینی ٣١ تەموزی ٢٠٢٠، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا بە بۆنەی ٣٧ـمین ساڵیادی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، پێداگریی لەسەر پابەندبوونی حکوومەتی هەرێمی بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و هەروەها هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوییان لە لایەن حکوومەتی عێراق کردەوە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ ٣٧ ـەمین ساڵیادی یەکێک لە دڕندانەترین تاوانەکانە کە بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدرا کە ئەویش جینۆسایدکردنی بارزانییەکانە. ئەو تاوانە گەورەیەی تیایدا ٨٠٠٠ مرۆڤی بێتاوان، تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوون، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندەبەچاڵکران.

جینۆسایدکردنی بارزانییەکان سەرەتایەك بوو بۆ جینۆسایدێکی فراوانتری گەلی کوردستان، کە بە چەند قۆناغێکی جیاواز، ڕژێمی بەعس لە ژێر ناوی ئەنفالدا، هەزاران هاونیشتمانیی بێتاوانی کوردستانی بە ژن و پیاو و گەورە و بچووکەوە، بەڕەو بیابانەکانی عێراق گواستەوە و دواتر بە دڕندانترین شێوە زیندەبەچاڵی کردن.

جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، شاڵاوێکی ڕەگەزپەرستانە بوو بۆ لەناوبردنی ناسنامە و سڕینەوەی میللەتێکی مافزەوتکراو. ئەگەر خۆڕاگری و بەردەوامبونی گەلی کوردستان لە شۆڕش و داکۆکیکردن لە خاك و نیشتمان نەبووایە، ناسنامە و مانەوەی گەلی کوردستان، ڕووبەڕووی مەترسی گەورەتر دەبووەوە.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پابەندبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە پێی توانا دووپات دەکەینەوە. لە هەمانکاتدا لەگەڵ حکوومەتی عیراق لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین و پێداگیریی دەکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی مادەدی و مەعنەویی کەسوکاری ئەنفالکراوانی کوردستان.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ قوربانییانی شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکان و سەرجەم ئەنفالکراوان و شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دادەنەوێنم.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠-٧-٣١



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندن لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکات

ئێوارەی دوێنێ شەممە 20020/8/8 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە گەڵ محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ،پیرۆزبایی (44) مین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی لە سەرکردایەتی و گشت ئەندام و لایەنگرانی حزبی سۆسیالیست کرد و ڕۆڵی گرنگی حزبی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرز نرخاند .


لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا، سەرۆکی حکومەت هیوای خواست بە هاوکاری هەموو لایەنەکان، ئەم دۆخە سەختە تێپەڕێنت و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بپارێزرێن.

سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان سوپاسی سەرۆکی حکومەتی کرد و پشتگیریی حزبی سۆسیالیستی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە

سەرۆک وەزیران سوپاسی وەزیرانی حکوومەتی کرد بۆ خستنەڕووی زانیاریی و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە پرسیاری پەرلەمانتارانی کوردستان

ئەنجوومەنی وەزیران ژووڕەکانی ئۆپەراسیۆنی ڕاسپارد بۆ دەرکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنمایی تەندروستی نوێ لە پێناوی پاراستنی ژیان وسەلامەتی هاووڵاتیان



ڕۆژی چوارشەممە ٢٩-٧-٢٠٢٠ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەشداریی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆك وەزیران باسی ئەو کەشە ئەرێنی و لەیەکگەیشتنەی کرد کە لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی گرژییەکانی ناوخۆ هاتووەتە ئاراوە و بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، دەستخۆشی لەو گفتوگۆ و دیدارانە کرد کە هەنگاوێکی گرنگە، بۆ یەکڕیزی و پشتیوانیکردنی زیاتر لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

دواتر سەرۆکی وەزیران ئاماژەی بە گرنگیی ئامادەبوونی وەزیرانی حکوومەت لە دانیشتنی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دا و بە ناوی ئەنجوومەنەوە، سوپاسی کردن بۆ خستنەڕووی زانیاریی و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە پرسیاری پەرلەمانتارانی کوردستان. ستایشی ئەو هەماهەنگی و کارکردن بە گیانی یەك تیمی کرد، کە لە نێو کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

پاشان هەریەك لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە پێی تایبەتمەندیی، پوختەی پرسیار و سەرنجی پەرلەمانتارانیان لە دانیشتنی پەرلەمان لە ڕۆژانی ٢٧ - ٢٨ ی تەممووزی ٢٠٢٠ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران خستەڕوو لەسەر تەوەرەکانی تایبەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی پەتای کۆرۆنا ڤایرۆس و دواتریش بابەتی دۆخی دارایی وئابووری هەرێم و دوا پێشهاتەکانی دانووستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی.

ئینجا سەرۆك وەزیران تیشکی خستە سەر دواییین ئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و ئاماژەی بەوە دا، کە گفتوگۆ حکوومەت لە دانیشتنی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دا و بە ناوی ئەنجوومەنەوە، سوپاسی کردن بۆ خستنەڕووی زانیاریی و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە پرسیاری پەرلەمانتارانی کوردستان. ستایشی ئەو هەماهەنگی و کارکردن بە گیانی یەك تیمی کرد، کە لە نێو کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

پاشان هەریەك لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە پێی تایبەتمەندیی، پوختەی پرسیار و سەرنجی پەرلەمانتارانیان لە دانیشتنی پەرلەمان لە ڕۆژانی ٢٧ - ٢٨ ی تەممووزی ٢٠٢٠ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران خستەڕوو لەسەر تەوەرەکانی تایبەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی پەتای کۆرۆنا ڤایرۆس و دواتریش بابەتی دۆخی دارایی وئابووری هەرێم و دوا پێشهاتەکانی دانووستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی.

ئینجا سەرۆك وەزیران تیشکی خستە سەر دواییین ئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و ئاماژەی بەوە دا، کە گفتوگۆ حکوومەت لە دانیشتنی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دا و بە ناوی ئەنجوومەنەوە، سوپاسی کردن بۆ خستنەڕووی زانیاریی و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە پرسیاری پەرلەمانتارانی کوردستان. ستایشی ئەو هەماهەنگی و کارکردن بە گیانی یەك تیمی کرد، کە لە نێو کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

پاشان هەریەك لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە پێی تایبەتمەندیی، پوختەی پرسیار و سەرنجی پەرلەمانتارانیان لە دانیشتنی پەرلەمان لە ڕۆژانی ٢٧ - ٢٨ ی تەممووزی ٢٠٢٠ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران خستەڕوو لەسەر تەوەرەکانی تایبەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی پەتای کۆرۆنا ڤایرۆس و دواتریش بابەتی دۆخی دارایی وئابووری هەرێم و دوا پێشهاتەکانی دانووستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی.

ئینجا سەرۆك وەزیران تیشکی خستە سەر دواییین ئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و ئاماژەی بەوە دا، کە گفتوگۆ گەورەتر دەبووەوە.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پابەندبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە پێی توانا دووپات دەکەینەوە. لە هەمانکاتدا لەگەڵ حکوومەتی عیراق لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین و پێداگیریی دەکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی مادەدی و مەعنەویی کەسوکاری ئەنفالکراوانی کوردستان.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ قوربانییانی شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکان و سەرجەم ئەنفالکراوان و شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دادەنەوێنم.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠-٧-٣١

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی جەژنی قوربان

ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ تەموزی ٢٠٢٠، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان،لە پەیامێکدا جەژنی قوربانیی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان پیرۆز کرد و بە ئاماژەپێدان بە دۆخی سەختی ئابووری، هیوای خواست کە هاووڵاتیان پابەندی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و متمانەیان بە حکوومەت هەبێت، کە بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی مووچەخۆرانی هەرێم لە هەوڵێکی بەردەوام دایە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە، پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەم. هیوادارم ڕۆژانی جەژن، لە خۆشی و کامەرانیدا بەسەر ببەن و پابەندی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.

بەداخەوە ئەمساڵ جەژنی قوربان، لە دۆخێکی سەختی ئابووریدا بەڕێ دەکەین. ئەم بارودۆخە نەخوازراوە لە دەرەوەی خواست و ویست و دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. ئێمە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم قەیرانەوە، هەموو هەوڵێکمان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم قەیرانە، لە سەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییانمان سنووردار بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم قەیرانە داراییە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتووەتەوە، زۆر لە توانا داراییەکانی بەردەستی حکوومەتی هەرێم گەورەترە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانیش، هیوادارم هاووڵاتییانی خۆشەویست، متمانەیان بە حکوومەتی هەرێم هەبێت کە لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. بەو هیوایەی لە دوای جەژن، لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی بگەینە ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت.

ئومێدەوارم بە پشتیوانیی هەموو لایەك، ئەم ڕۆژە سەختانەش تێپەڕێنین و هاووڵاتییانمان، جەژنەکانی داهاتوو، لە دۆخێکی لە بارتردا بەسەر ببەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کورستان

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز پاتریارك کاردینال مار لویس ڕوفائیل ساکۆ، سەرۆکی کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان.. پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەم بە بۆنەی کۆچی دوایی خوشکی بەڕێزتان . خودای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە ئێوەی بەڕێز ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شەشەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژی ئێزدییان:

کۆمەڵکوژی شنگال بە یەکێک لە دڕندانەترین تاوان لە دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخدا


ڕۆژی یەکشەممە ٢ ئابی ٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی شەشەمین ساڵیادی جینۆسایدکردنی هاووڵاتیانی ئێزدی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە ڕایگەیاند «کۆمەڵکوژی شنگال و دەوروبەری، بە یەکێك لە دڕندانەترین تاوان لە دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخدا، کە بەشێك بوو لە هێرشی بەرفراوانی تیرۆریستان لە دژی گەلی کوردستان. سەرەڕای هەموو ئەو کارەسات و فەرمان و کۆمەڵکوژییانەی ڕووبەڕووی خوشك وبرایانی ئێزدی بووەتەوە، بەڵام بەردەوامن لە بەرگریکردن لە زمان و ناسنامە و کولتوور و ئایینی خۆیان. لەم یادە خەمناکەدا، پێویستە بەڕێزەوە یادی قوربانیدانی پێشمەرگە قارەمانەکان بکەینەوە لە ڕزگارکردنی شنگال و دەوروبەری بە سەرکردایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی، هەروەها ستایشی هەڵوێستی خەڵکی کوردستان دەکەین لە بە هاناوەچوونی خوشك و برا ئێزدییەکانمان. پێویستە هەموو لایەنەکان هاوکار بن بۆ ئاوەدانکردنەوە و ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال بە شێوەیەك کە هیچ هێزێکی چەکداری بیانی و میلیشیاکان لە شنگال نەمێنن و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی، هەماهەنگ بن بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ ئازادکردن و گەڕاندنەوەی ئەو ڕفێندراوانەی تا ئێستا ماون، کە ژمارەیەکی زۆریان پێشتر بە هەوڵی حکوومەتی هەرێم ڕزگارکراون. هەروەها داوا دەکەین حکوومەتی فیدراڵی، قەرەبووی خوشك و برا ئێزدییەکانمان بکاتەوە و یارمەتی ئاوارەکان بدات و زەمینە خۆش بکات، بۆ ئەوەی بە سەربەرزی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شنگال و گشت شەهیدانی کوردستان .

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
٢-٨-٢٠٢٠

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری ناوخۆی عێراق دەکات




ڕۆژی چوارشەممە ٢٩-٧-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە عوسمان غانمی وەزیری ناوخۆی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و بەتایبەتی پەرەپێدانی هەماهەنگی ئەمنی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ناوچە سنووربیەکان کرا. وەزیری ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵی ئاماژەی بەو دۆخە سەختە کرد، کە عێراق و هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبن بە هۆی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی کە هەماهەنگی و هاوکاری هەردوولای پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. گوتیشی سەرۆك وەزیران مستەفا کازیمی ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لە گەڵ هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی دەربڕی لە چوارچێوەی دەستوور بە جۆرێك کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراو بن و لە بەرژەوەندیی گشت هاووڵاتیانی عێراقدا بێت.

جۆن بۆڵتن: دەبێ ئەمەریکا دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت

ریفراندۆم لە پەرەنسیپدا بیرۆکەیەکی باشبوو بۆ باوەڕهێنانی جیهان بە بەهێزی هەستی کورد بۆ سەربەخۆیی



جۆن بۆڵتن، راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا، کە یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسییە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا و جیهان، دەڵێ: ماوەیەکی زۆرە بۆچوونی من ئەوەیە هەڵوەشانەوەی عێراق سوودمەندە و لە پەیوەست بە سیاسەتی ئەمەریکاش بەرانبەر بە کورد جۆن بۆڵتن گوتی پێویستە ئەمەریکا لانیکەم دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت بۆ ئەو کوردستانەی لە چوارچێوەی عێراقدایە، ئەمە شتێکە کە پێویستە ئەمەریکا ستراتیژیانە لەبەرچاوی بگرێت، لەبەر ئەوەی دەکرێت ئەنجامەکانی زۆر گرنگ و ئەرێنی بن.

جۆن بۆڵتۆن، راوێژکاری پێشووی ئەمەریکا لە هەڤپەیڤێنێکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی رووداو لە وەڵامی پرسیارێکدا رایگەیاند: کاتێک سەیری مێژووی درێژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەیت، جار هەبووە دەرفەتی ئەوتۆی بۆ ڕەخساوە کە ئەگەری ئەوە هەبووە هەنگاوی گەورەی بەدواداچێت بەرەو بەدەوڵەتبوون، جاری ئەوتۆش هەبووە پاشەکشە بەو هەنگاوانە کراوە، ماوەیەکی زۆرە بۆچوونی من ئەوەیە هەڵوەشانەوەی عێراق سوودمەندە و پێویستە ئەمەریکا لانیکەم دان بە دەوڵەتی کوردستان دابنێت بۆ ئەو کوردستانەی لە چوارچێوەی عێراقدایە، بەڕای من، ئەمە شتێکە کە پێویستە ئەمەریکا ستراتیژیانە لەبەرچاوی بگرێت، لەبەر ئەوەی دەکرێت ئەنجامەکانی زۆر گرنگ و ئەرێنی بن.

جۆن بۆڵتن سەبارەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی ئەوەی، تۆ لەگەڵ سەربەخۆیی باشووری کوردستانیت، بۆچی ترەمپ پشتیوانی ریفراندۆمی ٢٠١٧ی کوردستانی نەکرد؟ رایگەیاند: ئەمە بەر لە دەستبەکاربوونم بوو لەم ئیدارەیەدا، پێموایە ئەوە لەژێر کاریگەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ئەو کەسانەدا بوو کە لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبوون و دان بەو ڕاستییە دانانێن کە عێراق پارچە پارچە بووە، ئەوکات مشتومڕی زۆر کرا لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم کارتی دەستی نەیارانی سەربەخۆیی کورد بەهێزتر دەکات، بەڵام بۆچوونی من وابوو سوپای پاسداران کە هەوڵیدا ڕەوشەکە بقۆزێتەوە، شتێکی هاوشێوەی هەر دەکرد ئەگەر ریفراندۆمیش ئەنجام نەدرابوایە، ریفراندۆم لانیکەم لە پەرەنسیپدا بیرۆکەیەکی باشبوو بۆ باوەڕهێنانی خەڵکی جیهان بە بەهێزی هەستی کورد بۆ سەربەخۆیی.

مەکتەبی سیاسی سالیادی حزبی سۆسیالیست پیرۆز دەکات

حزبی سۆسیالیست هەمیشە خاوەن هەڵوێست بووە بۆ داکۆکیکردن لەو دەستکەوتانەی بەخوێن هاتوونەتەدی

بەڕێز / محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان/ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی(٤٤)ەمین سالیادی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان، پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوەی بەڕێز و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەتان دەکەین و، هیواداریین بەو گیانی هاوخەباتیی و پێکەوەییە هەردەم بەردەوام و زیاتر بەرەو پێش بچن لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان. حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، هەمیشە خاوەن هەڵوێست و ڕۆڵی دڵسۆزانەی خۆی بووە بۆ داکۆکیکردن لەو ئەزموون و دەستکەوتانەی بە خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان هاتوونەتەدی، دەخوازین بۆ لەمەودواش بەردەوامی بە هەنگاوەکانتان بدەن بۆ هەماهەنگی زیاتر و تەبایی و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو یادەتان پیرۆز دەکەین کە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێ، هیواداریین بە هەموو لایەک تواناکانمان بخەینەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان و زاڵبوونی گەلەکەمان بەسەر ئەو قەیرانە ئابووری و تەندروستییەی کوردستان و تەواوی جیهانی گرتۆتەوە و پێکەوە هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و پاراستنی بەرژەوەندییە بااڵکانی گەلەکەمان بدەین.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن ....

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٨ی٨ی٢٠٢٠



پەیامی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە سالیادی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکاندا

رۆژی ٢/٨/٢٠٢٠، بەبۆنەی یادی ٦ ساڵەی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بااڵوکردەوە و تیایدا داوا دەکات ئەو تاوانکارییە دژکێومینت بکرێت و لە دادگا نێودەوڵەتییەکان بەرپرسیارانی ئەو تاوانکارییە دادگایی بکرێن و قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە و پەلە بکرێت لەگەڕان بەدوای بیسەروشوێنان و چارەنووسی نادیاران و گەڕاندنەوەی دانیشتووانی شنگال بۆ زێدی خۆیان، ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

سبەی ٣ی ئابی ٢٠٢٠ یادی ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە، کە لە (٣)ی ئابی ساڵی (٢٠١٤) و ڕۆژانی دواتر و لە سەدەی نوێ و لەجیهانی نوێ تیرۆریستان بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە هێرشێکی دڕندانەیان کردەسەر قەزای شنگال و کێچ و ژنانی کوردانی ئێزدییان هاوشێوەی چاخە بەردینەکان بەبارمتە بردو پیاوو گەنجانیشیان زیندەبەچاڵ کرد.

ئێمە کە یادی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەکەینەوە، سوپاسی قارەمانییەتی پێشمەرگەو هاوکاریی وڵاتانی دۆست دەکەین کەڕێگەیان نەدا پێشڕەوییەکانی تاریکپەرستانی داعش زیاتر بێتە ناو قووڵایی خاکی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان و تەنانەت ناوچەکەشیان لەچەپۆکی ڕەشی تیرۆریستانی داعش پاراست و ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند. پەرلەمانی کوردستان هەمیشە لەخەمی باشتر بەهاناوەچوونی خواست و داوای شنگالییەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەیە، هەر بۆیەش پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (٣)ی ناناسایی خۆیدا لەڕێکەوتی ٣/٨/٢٠١٩، ڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ی وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان دیاریکرد، بۆئەوەی لەڕووی یاساییەوە زەمینەسازی بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی خەڵکی شنگال و قوربانییەکانی.

لەو یادەدا داواکارین حکوومەتی عێراقی بەرکی ئەخلاقی و بەرپرسیارییەتیی خۆی هەڵبستێت و ڕێگە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تیمی تایبەتیی نەتەوەیەگکرتووەکان بۆ لێکۆڵینەو لە تاوانەکانی داعش(UNUTAD) بدات کە ئەو تاوانکارییە دژکێومینت بکات و لەدادگا نێودەوڵەتییەکان بەرپرسیارانی ئەو تاوانکارییە دادگایی بکرێن و قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە.

هەرێمی کوردستان هەمیشە پەناگەیەکی ئارام بووە بۆ هەموو لێقەوماوان و ئەوانەی مەترسیی هێرشیان لەسەربووە، ئەوەش بەوهۆزیەی کەخەڵکی کوردستان باشتر لەئازاری لیقەوماوان دەگات، چونکە بەدەیان ساڵە بۆ بەدەستهێنانی کەمترین مافەکانی لەگەڵ عەقڵیەتی خۆسەپێن بەرەنگاربوو لەو ڕێڕەوەش ڕووبەڕووی هەموو جۆرە تاوانکارییەك بۆتەوە، داواکارین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموو تاوانکارییەکان لەدژی خەڵکی کوردستان بەجینۆسایدبناسێنیت و قەرەبووی خەڵکی کوردستان بکرێتەوەو بەیاساو پشتیوانیی نێودەوڵەتی، کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکەو جیهان لەدووبارەبوونەوەی تاوانکاریی لەو جۆرە بپارێزێت.

جارێکی دیکە سەری ڕێزو نەوازشمان بۆ شەهیدانی شنگال و قوربانیانی جینۆسایدی شنگال دادەنەوێنین، بەکێج و ئافرەتانی شەنگالی دەڵێین ئێوە نمونەی بااڵی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمن.

داواکارین هەموولایەك پەلە بکەن لەگەڕان بەدوای بیسەروشوێنان و چارەنووسی نادیاران و گەڕاندنەوەی دانیشتووانی شنگال بۆ زێدی خۆیان.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
٢/٨/٢٠٢٠

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی قوربان

بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی قوربان، گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەین، بە تایبەتی ماڵباتی سەربەرزی شەهیدە نەمرەکانی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی دڵسۆزی پارتیمان، کە هەمیشە نمونەی قوربانیدان و خۆڕاگرییەن.

لەم دەرفەتە پیرۆزەدا، جارێکیتریش پەیامی لێبووردەیی، ئاشتەوایی، پێکەوەژیان و یەکڕیزیی، کە کۆمەڵێك پرەنسیپی نەگۆڕی پارتیانن دووپات دەکەینەوە و لێك نزیکبوونەوەی ئەم دواییەی لایەنە سیاسییەکان، تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرز دەنرخێنین و ئومێدەواریین، لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتیمان و خزمەتکردنی هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان، ئەم جەژنە بەکێك لە سەرچاوەکانی هێز و ئومێدی گەلەکەمان دابنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی داعش و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی کوردستان و هەرێمەکەمان دەبنەوە.

بەکینە جەژنی چارەسەرکردنی سەرجەم گرفت و ئاریشە کەلەکەبووەکان و ئیتر کۆتایی بەم دڕدۆنگی و گرژییە سیاسییە و هێرشە میدیاییەیش بێت و، یەکدەست و یەکڕیز ڕوو لە ئایندەیەکی گەش بکەین.

جارێکی دیکە جەژنی پیرۆزی قوربان لە هەموو جیهان و کوردەواری پیرۆزبێ و هەموولایەك شاد و تەندروست بن...

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٣٠ی٧ی٢٠٢٠

پەیامی مەکتەبی سیاسی لە شەشەمین سالیادی کارەساتی جینۆسایدی کوردانی ئێزدیی

ڕۆژی ٣-٨-٢٠٢٠ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شەشەمین سالیادی کارەساتی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی، پەیامێکی بااڵوکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:


ئەمڕۆ بیرەوەری شەشەمین ساڵوەگەڕی جینۆسایدی کوردانی ئێزدیی و کارەساتی دڵتەزێنی شنگالە، ئەو کارەساتەی ویژدانی کوردستانیان و سەرانسەری جیهانی هەژاند، لەو بیرەورەیە تاڵەدا سڵاوی ئەمەك و وەفاداری بۆ گیانی پاکی قوربانیانی ئەو مەرگەساتە دەنێرین، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی قوربانیان دەکەین و، ئومێدەواریین ئەمە دوا کارەسات و مەینەتیی خوشك و برایانی ئێزدیی بێت. جینۆسایدی خوشك و برا ئێزدییەکانمان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هەرچەندە رووداوێکی جەرگبڕ و ویژدان هەژێنن بوو لە مێژووی سەردەمی نوێی مرۆڤایەتی، بەڵام بڕوا و متمانەی کوردی ئێزدی بە خۆڕاگریی و بەردەوام بوون لە پەیامی ژیاندۆستی و کولتووری پێکەوەژیان و داکۆکیکردن لە وجود و باوەڕی خۆیانی بەهێزتر کرد.

ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو یادەدا دووپاتی دەکەینەوە، کە کوردستان وەك هەمیشە بە لانکەی ئارامیی و ئاسوودەیی بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەمێنێتەوە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵ و کۆششەکانمان لە هەموو لایەکەوە بەردەوام دەبن بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی و ئارامیی بۆ ناوچەکە بەگشتی و شنگال بەتایبەتی، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هاندەر و هاریکاری ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە دەبین کە کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانە و قەرەبووکردنەوەی قوربانیەکانی دەکەن.

لە شەشەمین سالیادی جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزدیی، جارێکی دیکە سڵاو و درود بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە نامرۆڤایەتیە دەنێرین، سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانانەی کە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی شەنگالیان رزگار کرد و، گیانیان بەخشی..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٣ی٨ی٢٠٢٠

گەڕێکی دیکەی گفتوگۆی هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەستپێدەکاتەوە




د. ڤیان سەبری: ئەم هەفتەیە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: بڕیارە ئەم هەفتەیە شاندی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکەن و لێکنزیکبوونەوەی باشیش هەیە. سەرکردەیەکی سوننەکانیش دەڵێ، چاوەڕێ دەکرێت هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن، چونکە ڕێککەوتنی هەردوو حکومەت، دەبێتە هۆی سەقامگیری لە عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: بڕیارە ئەم هەفتەیە شاندی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکەن و لێکنزیکبوونەوەی ئەم دواییەی لایەنە سیاسییەکان، تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرز دەنرخێنین و ئومێدەواریین، لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتیمان و خزمەتکردنی هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان، ئەم جەژنە بەکێك لە سەرچاوەکانی هێز و ئومێدی گەلەکەمان دابنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی داعش و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی کوردستان و هەرێمەکەمان دەبنەوە.

د. ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بڕیارە ئەم هەفتەیە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، چونکە بەردەوامبوونی دانوستان پێویستە و ڕێککەوتنامەش پێویستە بەپێی دەستوور بکرێت و بۆ سەقامگیری هەردوو حکوومەت بێت، بۆیە گەر بگەنە ڕێککەوتن، دڵخەکەش سەقامگیر دەبێت. ڤیان سەبری گوتیشی: لێکنزیکبوونەوەی باش هەیە و تەنها هەندێك وردەکاری ماون، کە ڕەنگە ئەوانیش لەم چەند ڕۆژەدا یەکلا بکرێنەوە و بگەنە ڕێککەوتن.

د. عەلا مەکی: پێویستە دانوستانەکان دوانەکەون و هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن



د. عەلا مەکی، سەرکردەی سوننەکان ڕایگەیاند: عێراق پێویستی بە سەقامگیری هەیە بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغێکی دیکە، تا گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە کاریگەرییان لەسەر نەبێت و بتوانێت سەقامگیری دروستبکات، بۆیە پێویستە دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام بێت و بگەنە ڕێککەوتن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکە و هەرێمی کوردستان ناوچەیەکە بووەتە هۆی سەقامگیری بۆ هەموو عێراق، هەروەها سەقامگیریی هەرێم، واتا سەقامگیریی هەموو عێراق، بۆیە پێویستە حکوومەتی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتن. مەکی، گوتیشی: پێویستە دانوستانەکان دوانەکەون و پەلەیان لێ بکرێت، چونکە ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا دەبێتە هۆی سەقامگیریی عێراق بە گشتی، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەمجارە هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن، چونکە بوونی کێشە لە نێوان هەردوولا، دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی دۆخی عێراق.

پرسەنامە

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز عومەر محەمەد ئەشکەنەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری پشدەر، خوالێخۆشبوو حاجی محەمەد ئەشکەنەیی باوکی بەڕێزتانمان، پێگەیشت.
بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی بنەماڵە بەڕێزەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەمووڵایەك ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

* * *

هەڤاڵی بەڕێز کاك ڕەشید سندی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو جیهان سندی کچی بەڕێزتان.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانتان و هەروەها سەرەخۆشی لە هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، هاوبەشی خەمتانین.
خاتوو جیهان ڕەشید سندی کادیرێکی ئەکادیمی چالاك و پێگەیشتوو و مولتەزیمی پارتیمان و نمونەی دڵسۆزی و نەتەوە و نیشتمانپەروەری بوو.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

* * *

هەڤاڵی بەڕێز محەمەد مەلا ئیسماعیل

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری خورماتوو و داودە، کادیری شۆڕشی مەزنی ئەیلول خوالێخۆشبوو مەلا ئیسماعیل ئەحمەدی باوکی بەڕێزتانمان، پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەر و کوردپەروەرەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەمووڵایەك ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

پرسەنامە

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵ و هاوکارمان ئەحمەد عەزیز

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە گوێبیستی هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ و هاوکارمان، میدیاکاری بواری وەرزشی ئەحمەد عەزیزبووین، کە بەداخەوە بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێل خۆی و هاوژین و کوڕێکی مانْاواییان لە ژیان کرد. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین.
خوالێخۆشبوو ئەحمەد عەزیز کەسایەتی ناسراو و دیاری بواری وەرزشیی شاری هەولێر و کوردستان، ئەندامی ناوبژیوانانی کوردستان و ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق و، هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵانبوو، لە هەردوو بواری وەرزشی و ڕۆژنامەوانی خزمەتێکی زۆر و بەرچاوی پێشکەش کردووە بۆیە لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە.
ئومێدەوارین هاوخەمیی و هاوسۆزیی هەڤاڵانی و وەرزشوانان و هاوپیشەکانی و دۆست و ئاشنایانی بیێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.
جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و هیواخوازین لە یەزدانی مەزن سەبوریی هەموو لایەك بدات و جێگای هەڤاڵی کۆچکردوویش بەهەشتی بەرین بێت.

* * *

بەڕێزان خانەوادەی محەمەد ئیسماعیل کاکەخان

خەمباربووین بە کۆچی دوایی هەڤاڵ و کادیری تێکۆشەر و ماندویی نەناسی ڕاگەیاندنی پارتیمان خوالێخۆشبوو محەمەد ئیسماعیل کاکەخان.
لەم بۆنە خەمناکەدا هاوبەشی خەمتانین و پرسە و سەرەخۆشیان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین.
هەڤاڵی کۆچکردوو لە سەرەتای ساڵانی دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بە کەنالی تەلەفزیۆنی کوردستان کردوە وەکو یەکەمین وێستگەی کارکردنی لە ڕاگەیاندنی پارتیمان، بە درێژایی ئەو ماوەیە دڵسۆزانە خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەشکردووە، بەتایبەت لە بواری ئەرشیف و دیکۆمێنتکردن.
لە دەستدانی کاکە محەمەد خەسارەتێکی گەورەیە، لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە ئێمە و هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی کادیری کۆچکردوویشمان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

سوپاسنامە ژ مالباتا خودێ ژێ رازی (جیهان ڕەشید سندی)

ب ناڤێ خودێ مەزن ودلوڤان

بناڤێ خوە و تەڤایا مالباتا حاجی بەدریا سوپاسێیێن تایبەت یاراستەی بەڕێزان:
جەنابێ سەرۆک مسعود بارزانی، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ، بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، بەڕێز قوباد تالەبانی جێگرێ سەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران، بەڕێز سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ، و هەر ڕوە سا بەڕێز دکتور بەرهەم سالح سەرۆک کۆمارێ عیراقێ،بەڕێز سکرتێرێ مەکتەبا سیاسیا پارتی و ئەندامێن مەکتەبا سیاسی و ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێن لقان ، بەڕێزان سکرتێر و ئەندامێن سەرکردایەتیێن پارتێن سیاسیێن کوردستانێ، بەڕێزان پارێزگار و پەرلەمانتارێن کوردستانێ و عیراقێ و وەزیرێن بەڕێزێن حکومەتا کوردستانێ و عیراقێ وتەڤایا شیرەتکارین ئەنجومەنا وەزیران و نوێنەرێن جڤاتێن پارێزگەهان و، هەموو فەرمانْدە و پێشمەرگەیێن قەهرەمان وبەرپرسێن لەشکری وئیدارى وئەمنی، ڕێڤەبەر و کەسایەتی و خەلکێ شەرەفمەندێ کوردستانێ ب هەموو یاییەن و نەتەوە و چین و تەخان ڤە ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ و ل ئەورۆپا و ئەمریکا و کندا و اوستراليا دکەین، وهەمی دۆست وهەڤال وکەس وکاران دکەین کو ب ڕێکا تەلەفون و پەیامان، خەما مە سڤککرن ، خودێ مەزن ژ وە هەمیان رازی بیت هەردەم پاراستی بن خودێ خێرا وە مەزن کەت ومرێیت مە هەمیان ب بەهشتا خوە شادبکەت .

انا لله وانا الیه راجعون .

ڕەشید سندی

ئێمە کە لە خوارەوە ناومان هاتووە، وەك خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەری ماڵپەڕی «کوردڕاوم» کە میدیایەکی کولتووری و فیکریی سەربەخۆیە و بەمزووانە دەست بە وەشان دەکات. ئەگەر ئەو ناوە لە هەر شوێنێك بەکارهاتووە یان هەر سەرنجێکتان هەیە، دەتوانن لە ڕێگەی ئەو دوو ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە، ئاگەدارمان بکەنەوە.

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: کاروان مەحمود محەمەد 07700147474
خاوەن ئیمتیاز و جێگری سەرنووسەر: عەبدوڵڵا عومەر فەقێ محەمەد 07506161569

ئەو گوندانەی دەکەونە ناو ماستەڕپلانی هەولێر، تاپۆ دەکرێن



دوای فراوانبوونی شاری هەولێر و دانانی ماستەڕپلانی شارەکە، ژمارەیەك گوند کەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانیی هەولێر، سەرۆکی شارەوانیی هەولێریش دەڵێ، هەموو ئەو گوندانە تاپۆ دەکرێن.

بەپێی بەدواداچوونێکی ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ئەوەی چەندین گوندی دەوروبەری هەولێر کەوتنە ناو ماستەڕپلانی شارەکە، کێشەی دروستکردنی خانووبان بۆ دروست بووە و لە زۆرێك لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێریش مۆڵەتی دروستکردنی خانوو ڕاگیراوە.
عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی کوردستان گوتی: ڕاستە ژمارەیەك گوندی دەوروبەری هەولێر لە ئێستادا کەوتوونەتە نێو ماستەڕپلانی هەولێر و ئەو گوندانە هیچیان نییە لە کارت و تاپۆ، کە پێشتر گوندی ئاسایی بوونە و ئێستا بەشێکن لە شار.
سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕوونیشی کردەوە: ئێمە وەك شارەوانی لەگەڵ تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆدا، هەموو ئەو گوندانەش تاپۆ دەکەین و بەپێی پلانی خۆمان کار بۆ چارەکردنی کێشەکانیان دەکەین. عەبدولواحید ئەحمەد دەشڵێت: هەندێ گوند هەن لە سنووری شارەوانی، کە گوندەکە بە کاملی بێ تاپۆن و پێویستیان بەوەیە هاوشێوەی گەڕەکەکانی نێو شار ڕێك بخرێن و ڕێگەش نادەین بە زێدەڕۆ خانوو دروست بکرێت.

وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

بە مەرج کارەبا بە بەغدا دەدەین

وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد حکوومەتی عێراق بەنیازە بڕە کارەبایەك لە هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ شارەکانی خۆی ڕابکێشێت و لە ئەگەری ئەو کارە، مەرجی خۆمان دەبێت.
ئومێد ئەحمەد، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا لە هەڤاڵی تایبەتی وەزارەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك ڕایگەیاندووە: زانیاریمان پێ گەیشتووە کە حکوومەتی عێراق بەرنامەی هەیە بڕە کارەبایەك لە هەرێمی کوردستان و تورکیا بکرێت بۆ ئەو مەبەستە ئەو بابەتەمان وەك وەزارەتی کارەبا تاوتوێ کردووە بەڵێنمان داوە بە مەرج ڕێگە پێدانەکە بە بەغدا بدەین.
گوتیشی: نابێت ئەو کارەبا پێدانە هیچ کاریگەریەکی لەسەر کەمکردنەوەی کارەبای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان هەبێت و بەغداش سووتەمەنی بۆ یەکە لەکارکەوتووەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان دابین بکات و کارەباکە لەو یەکانەوە ببات.
ئومێد ئەحمەد باسی لەوەش کرد: هەرچەندە ئەو یەکانەی لەکار کەوتوون هی وەبەرهێنەرانە، بەڵام هەرکات حکوومەتی عێراق ئەو مەرجانەی جێبەجێ کرد و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕەزامەند بوون، ئەوکات ڕێگەی پێدەدرێت.



بەڕێوەبەری ناحیە:

کێشەی کارەبای کەسنەزان بە تەواوەتی چارە دەکرێت

دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێستگەی 32kv لە ناوچەی کەسنەزانی شاری هەولێر دامەزراند، بەڕێوەبەری ناحیەکە دەڵێ، کێشەی کارەبای کەسنەزان بە تەواوەتی چارە دەکرێت.
سائیب حاجی هاروون، بەڕێوەبەری ناحیەی کەسنەزان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: کارکردن لە وێستگەی 32kvی کەسنەزان بەردەوامە و لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆتایی دێت، بەوەش تۆڕی کارەبای کەسنەزان و دەوروبەری دەخرێتە سەر وێستگەکە و ڕەوشی کارەبای نیشتیمانی بە تەواوەتی باش دەبێت.
بەڕێوەبەری ناحیەی کەسنەزان دەشڵێت: پێشتر بە هۆی ئەوەی بارگرانی لەسەر تۆڕەکانی ناوچەی کەسنەزان هەبوو، چونکە نەحیەکە بە خێرایی فرانبوونی بەخۆیەوە بینی، بەردەوام بارزۆری دەخرایە سەر هێڵەکانی گواستنەوە و کێشەی کەمیی کارەبا پەیدا دەبوو، بەڵام دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە، لە ماوەیەکی نزیکدا بارزۆری نامێنێت، بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و زستاندا.
حاجی هاروون ڕوونیشی کردەوە: لەگەڵ ئیدارەی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی کارەبا، 16 فیدەری 11kvو 8 فیدەری 33 kvبۆ ناحیەی کەسنەزان دابین کراون بۆ کۆتاییهاتنی کێشەی کارەبا.



ڕێگاکانی دەرەوەی شاری هەولێر نۆژەن دەکرێنەوە

بەڕێوەبەری چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر، عیاد محەمەدئەمین سلێمان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: لە سنووری پارێزگای هەولێر بە دوو قۆناغ ڕێگاکانی دەرەوەی شار نۆژەن دەکرێنەوە؛ قۆناغی یەکەم بە بڕی 10 ملیار دینار کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوەی 18 ڕێگای دەرەوەی شاری هەولێر بۆ ئێمەی تەرخان کرد و، لە قۆناغی دووەمیش بە بڕی 23 ملیار دیناری دیکە 27 ڕێگای تر نۆژەن دەکرێنەوە، چونکە چاککردنەوەی ڕێگاوبان پێویستی بە پارەیەکی زۆرە و بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ماوەیەك بوو نۆژەن نەکرابوونەوە.
عیاد محەمەدئەمین سلێمان گوتیشی: ئەو ڕێگایانەی لە قۆناغی یەکەم نۆژەن کراونەتەوە ڕێگای هەولێر بۆ خەبات و ڕێگای هەولێر بۆ مەخمور و ڕێگای گوێڕ و ڕێگای پردێ و ڕێگا پیرمام و لۆفەکانی سپیلك میرگەسۆر و چۆمان، ئەمانە 18 پڕۆژە بوون و لەم قۆناغەشدا 27 ڕێگای دیکە نۆژەن دەکرێنەوە. سلێمان باسی لەوەش کرد: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی لە توانایدا بێت دەیکات بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان و مانگانەش ئەو بڕە پارەیەی بۆ ئێمە خەرج دەکرێت، بەوەش لە زۆر شوێن ڕێگا کە تێکدەچن ئەوانیش نۆژەن دەکەینەوە. گوتیشی: ئەگەر بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە نەبووایە کارەکانمان زۆر بەخێراتر جێبەجێ دەکران.

حکوومەت بڕیاری دا پارە بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاوی ڕواندز خەرج بکرێت

قایمقامی قەزای ڕواندز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کێشەی ئاو لە سنووری قەزای ڕواندز و دەوروبەری چارە دەکرێت و، حکوومەت بڕیاری دا پارە بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاوی ژمارەیەك گەڕەك و گوندی ڕواندز خەرج بکرێت.
ئەحمەد قادر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ڕواندز پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئاو هەیە، بەڵام ئاو بە هۆی خراپیی تۆڕەکانەوە بە تەواوەتی نەدەگەیشتە هەموو گەڕەکێك و کێشەی کەمئاوی هەبوو، بەڵام پارێزگاری هەولێر بڕیاری دا هەموو تۆڕەکان چاك بکرێن و لە ئێستادا کار بۆ چاککردنەوە و ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکانی نەورۆز، ئازادی، شەهیدان، کانی و بانەزێوکی و گەڕەکی لاوان دەکرێت.
قایمقامی ڕواندز دەشڵێت: پێشتر لە ڕێگەی تانکەرەوە ئاو بۆ ئەو گەڕەکانە دابین دەکرا، بەڵام دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە، کێشەی کەمئاوی لە سەنتەری قەزای ڕواندز چارە دەکرێت. قادر ڕوونیشی کردەوە: ژمارەیەك گوندیش کێشەی کەمئاوییان هەبوو و بڕیار درا هێڵی نوێی ئاویان بۆ دابین بکرێت، کە چەندین گوندی سنووری قەزاکەن و بەو هۆیەشەوە 90%ی کێشەی ئاو چارەسەر دەبێت و کۆتایی دێت، چونکە پێشتر ئاو وەك پێویست نەدەگەیشتە هەموو گەڕەك و گوندێکی سنووری قەزای ڕواندز.

لە ڕێگەی کۆمپانیای ناوخۆییەوە گەنمی جووتیاران دەکڕدرێتەوە

لە ڕێگەی چەند کۆمپانیاییەکەوە پڕۆژەی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران جێبەجێ دەکرێت، بەو ئامانجەی سوود لە بەرهەمی ناوخۆ وەربگیرێت بۆ بە پیشەسازیکردنی و لە ڕێگەی ئەو گەنمەوە سەرجەم ئەو بەرهەمانە دروستەدەکرێن، کە لە گەنم بەرهەم دەهێندرێن. لەم بارەشەوە حوسێن حەمە کەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکە داوە و لە ماوەیەکی نزیکدا گرێبەستەکە واژۆ دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی بەجۆرێك داناوە، کە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ جووتیاران جێبەجێ دەکرێت و بە دەیان کارگە لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان دروست دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی بە هەزاران هەلی کار دەڕەخسێندرێت.
هاوکات فەتحی محەمەد، گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی دەڵێ: خاکی کوردستان بە پیتە، ئەوەیش دەرفەتێکی باشە بۆ بە پیشەسازی کردنی ئەو بەرهەمانەی کە لەگەنم دروست دەکرێن.
پڕۆژەی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانی ژێرخانی پیشەسازی و پاراستنی ئاسایشی خۆرك لە هەرێمی کوردستان .
بەگوێرەی پڕۆژەکە، ساڵانە 500 هەزار تۆن گەنم لە جووتیاران دەکردرێتەوە لە بەرامبەردا ئەو بەرهەمانەی لێ دروست دەکرێن، کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، وەك: ساوار، بڕوێش، ئاردی سپی، سریلاك و گەنمەکوتا. لەگەڵ دەستبەکاربوونی پڕۆژەکەش ئەو بەرهەمانەی کە دروست دەکرێن هاوردەکردنیان قەدەغە دەکرێت.

لە سۆران ژمارەیەک گوند دەکرێنە گەشتیاری



بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران ڕایگەیاند، لە پلانی گەشتوگوزاردایە کە گوندەکان بکرێنە شوێنی گەشتیاری و لە سنووری قەزای ڕواندز و چۆمان و میرگەسۆر و سۆران چەند شوێنێك دیاری کراون بۆ پرۆژەی سەردەمیانەی گەشتیاری لەو شوێنانە.

بارزان محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئێمە پلانمان داناوە بەر لەوەی کۆڕۆنا بێت گرینگی بە گوندەکان بدەین بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و ماستەرپلان و زانیاری لەسەر گوندەکان کۆکراوەتەوە، هەروەها ئەو شوێنانەی دیاریکراون هەرێمێك لە دۆڵی ئاکۆیان و مەلەکان و گەلی فەقێیان و گەرەوانی سەروو و سەران و بنەکاول لە سنووری هەرچوار قەزاکە دیاری کراون، بەڵام بەهۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پلانەکە دوواکەوتووە .

بارزان محەمەد ئەوەیشی ڕاگەیاند: لە داهاتوودا کار لەسەر گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکان دەکەین، کە خەڵکی گوندەکان هان دەدەین خانوو لەسەر شێوازی کۆن دروست بکەن، تا ئەو دیمەن و سروشتە جوانە و بەرهەمی خۆماڵیی گوندەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ناوبراو دەشڵێت: هاوشێوەی وڵاتانی جیهان حکوومەت گرینگیی تایبەت بە گوندەکان دەدات بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران، لەگەڵ باشتربوونی بارودۆخەکە هەموو پرۆژەیەکی گەشتیاری لە ئەو گوندانەی دیاری کراون جێبەجێ دەکەین. جەختی لەوەش کردەوە: تەنیا لە ماوەی چوار ڕۆژی جەژنی قوربانیدا سەرووی 40 هەزار گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی دەڤەری سۆرانیان کردووە، بازاڕ و شوێنە گەشتیارییەکان بووژانەوەی باشیان بەخۆوە بینیوە و هێزی کار بە شێوەیەکی باش جووڵاوە.

بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر:

هەڵمەتی بڕینی سەرپێچیی سەر هێڵەکانی کارەبای نیشتیمانی بەردەوامە

بەڕێوەبەری گشتی کارەباری هەولێر ڕایگەیاند هەڵمەتی بڕینی سەرپێچیی سەر هێڵەکانی کارەبای نیشتیمانی لە هەولێر بەردەوامە و تا ئێستاش زیاتر لە سێ هەزار سەرپێچیکار بەبڕی زیاتر لە ملیارێك دینار سزادراون. ئەندازیار حوسێن حەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ئەو هەڵمەتەی لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵەوە دەستپێکرد، بۆ بڕینی سەرپێچی سەر هێڵەکانی کارەبای نیشتیمانی تا ئێستا بەردەوامە و نەوەستاوە، بەڵام بەهۆی تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا و لەپێناو پاراستنی گیانی هاوواڵتیان و کارمەندانمان، لە ئێستادا ئەو هەڵمەتە بۆ هاوبەشانی کەرتەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی درێژەی هەیە. ڕاشیگەیاند: زیاتر لە سێ هەزار سەرپێچیکاری کارەبا سزادراون، لەوانەش هەزار و 600 سەرپێچیکار لەلایەن تیمەکانەوە و لە میانەی هەڵمەتەکە کارباکانیان بڕاوە، بە گشتی زیاتر لە سێ هەزار سەرپێچیکار سزادراون، لەوانەش ژمارەیەکیان خۆیان پەیوەندییان پێوەکردووین بۆ بڕینی ئەو کارەبایەی بە سەرپێچی ڕایانکێشاوە.

ئاماژەی بە ئەوەش کرد ئەو هاوبەشانەی سەرپێچییان کردووەتە سەر هێڵەکانی کارەبا، جگە لە بڕینی کارەباکەیان سزای دارایی دراون، لەم نێوەندەشدا سەرپێچیکاران لە سنووری پارێزگای هەولێر بە بڕی ملیارێك و سەد ملیۆن دینار سزادراون.



بەڕێوەبەری خانەنشینیی هەرێم، وردەکاریی چاکسازی لە بواری خانەنشینیدا دەخاتەڕوو



بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حازم ئیسماعیل گۆران، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتی: ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینییەوە هەیە لە وەزارەتی دارایی، پلە بااڵکان و شارەزاکان و داوەرەکانن و وەزارەتی پێشمەرگەش گواستنەوەیان بۆ لای ئێمە هەیە، ئەوەی پلە بااڵکان کاتی خۆی کە خانەنشین کراون، پوختەی ڕاژەیان نەبووە، بۆیە نازانین کامە نایاساییە و هەندێك نایاساییان دەستنیشان کردوون و داوامانەتە لێژنەی لە خۆمان باڵاتر، کە ژمارەی پلە بااڵکان زیاترە لە 400 کەس دەبن، ئەوەی بیانناسین دەتوانین کارێك بکەین، بەاڵم ئەوانەی نەیاننناسین لەبەر ئەوەی هیچیان نییە، چونکە دۆسیەی یاسایی پێویستە دامەزراندن و دەستبەکاربوونی تێدا بێت و سااڵنە تەرفیع و عەاڵوەی تێدا بێت، ئەگەر بە نۆرماڵ دامەزرێت، ئەوکات دادەمەزرێت، بۆیە ئەوانەمان دەستنیشان کردوون.

لەبارەی گواستنەوەی خانەنشینانی پێشمەرگە بۆ سەر وەزارەتی دارایی، حازم ئیسماعیل ڕایگەیاند: چەند کۆبوونەوەیەکمان کردوون و ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایین و چەند لیژنەیەکمان پێکهێناوە و چەند کۆنووسێکمان ئامادەکردووە و ئەوانیش لیستی خۆیان ئامادە دەکەن و لیژنەیەکی هاوبەشیش ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی ناوەکان بگوازینەوە، ئەوەش کاتی پێویستە، بۆ بەدەستخستنی لیست ئەوەی سلێمانی ڕەوانەی ئەوێی دەکەین و بۆ هەولێر و دهۆك لە هەولێر بەڕێوەبەرایەتییەك هەیە تایبەت بە خانەنشینانی ئەوان، بۆیە هەر کاتێك ناوەکان تەواو بوون، ئەوکات دەچنە بانکەکان و ناوەکان لە ڕاگەیاندنەکان بااڵو دەکەینەوە کە لەوێ مووچەی خۆیان وەرگرن بە ئەوانەی یەکەی حەفتا و هەشتاشەوە، بۆیە کێشەمان نابێت و هەر کاتێك لیستان بۆ هات، ئەوەش چارەسەر دەکەین.

سەبارەت بە شارەزایان، بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینی گوتی: نووسراوێکمان کردووە و ئەوانەی خانەنشین کراون مووچەیان هەموار دەکرێتەوە، وەکو پلە تایبەتەکان لە سەرۆکی هەرێم تا بەڕێوەبەری گشتی و هیی دادوەرانیش 70% دەبێت و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکارەکان ئەوانە60% و ئەوانەی پەرلەمانتارن کە جاران شەش ملیۆن و560 هەزاریان وەردەگرت، ئێستا 50% وەردەگرن ئەگەر 15ساڵ خزمەتیان هەبێت و ئەوەی خزمەتی کەمتر بێت، هەندێکیان دوو ملیۆن وەردەگرن، چونکە بڕگەیەك هەیە ئەوەی خزمەتی نییە 25%ی مووچە و دەرماڵە وەردەگرن، بەاڵم بۆ ئەم خولە دەگوترێ تەنها چەند پەرلەمانتارێك ڕەتیان کردووەتەوە، ئەوانەی دیکە ڕەتیان نەکردووەتەوە، بەاڵم ئەوەی بیەوێت خانەنشینی ڕەتبکاتەوە تەنها بۆ مانگێك نییە و بۆ هەموو کاتێك دەڕگا کراوەیە و داوا دەکات مووچەیان رابگرێت و ئێمەش ڕایدەگرین و لیژنەشیان دروست کردووە، کە پلە بااڵکان و شارەزایان و پەرلەمانتاران هەمووی جیا دەکەینەوە و تائێستا تەنها ناوی شارەزایانمان بۆ هاتووە و لە ماوەیەکی کەمدا یەکلای دەکەینەوە، کە داوەرەکان ژمارەیان کەمە و زوو یەکلا دەکرێنەوە و بڕیارەکەش لە 1/7ەوە جێبەجێ دەکرێت.

سەبارەت بە بندیوارەکانیش گوتی: بندیوار لای ئێمە نییە و ئەوەی نایاسایی بێت ئەوانە هەندێکیان دەستنیشان کردوون، بەاڵم ئەوانەی دوو مووچەیان هەیە، پەیوەندی بە فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاریەوە هەیە و بە نووسراوێك داوامان کردووە هەر کەسێك دوو مووچەی هەیە، لیست بۆ ئێمە ڕەوانە بکەن، بۆ ئەوەی مووچەیەکیان بڕین، تەنها ئەوانەی شەهیدان و کەمئەندامان نەبێت و هەیە فەرمانبەرە و مووچەی کەمئەندامی هەیە، ئەویش مووچەی کەمئەندامی دەگوازرێتەوە بۆ فەرمانگەی خۆی و لە وەزارەتی کاروباری کۆمەاڵیەتی نامێنێت و وەکو دەرماڵە لە مووچە بۆی زیاد دەبێت، ئەوانەی شەهیدانیش ناکرێت یەکێك مووچەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی هەبێت و ئەوانەش ڕێك دەخرێتەوە.

حازم ئیسماعیل گۆران ڕوونیشی کردەوە: خانەنشینی لە 200 هەزار دەست پێدەکات ئەویش ئەوانەن کە میراتگرن، بۆ نموونە ژنێك کە مووچەی پیاوەکەی وەربگرێت، 60%ی مووچەکە وەردەگرێت و هەندێك هەیە مووچەی زیاترە و ئەوانەی بڕوانامەیان نییە کە مووچەیان کەمە، ئەولەویاتی حکوومەت ئەوەیە کە یاسای خانەنشینی دەستکاری بکرێت، کە کەمترین مووچە 300 هەزار دەبێت و ئەگەر دۆخەکە باش بێت هەوڵ دەدرێت یاسای بەغدا هی ساڵی 2014جێبەجێ بکرێت، کە کەمترین مووچە 400 هەزار دینار دەبێت و دڵنیام حکوومەت سووڕە لەسەر ئەوەی کە مووچەی خانەنشینان باشتر بکرێت، چونکە نزیکەی 100 هەزار خانەنشین مووچەیان لە دەوروبەری 200 هەزار بۆ 300 هەزارە.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، محەمەد مەلا ئیسماعیل

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری دۆزخورماتوو(ئیسماعیل ئەحمەد)ناسراو بە(مەلا ئیسماعیل)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

بەڕێزان، لە خانەوادەی حاجی حمە غەریب،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری کۆمەاڵیەتی گەرمیان و بەکرایەف(حمە سەعید حاجی حمە غەریب)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە نیشتیمانپەروەر و بەڕێزەکەتان دەکەین، هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتانین. لە خودای دڵۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.

* * * *

بەڕێزان، خانەوادەی حوسێن خالید فەقێ محەمەد،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی خۆشناوەتی(حوسێن خالید فەقێ محەمەد)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و سەبوری بە هەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

بەڕێز، ئەحمەد مەڵۆ ئاکرەیی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە بەڕێزت و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین هاوژینی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

بەڕێزان، هەمزە سلێمان و ئیبراهیم سلێمان،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(نەجیبە خان) دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و هاوخەمی خزم و دۆست و ئاشنایانتانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

خانەوادەی بەڕێزی جەواد فەرەج جومعە

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەواد فەرەج جومعەمان پێ گەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی ئەو هەڤاڵەمان بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

* * * *

بەڕێز خاتوو پەیمان تەها تۆمەر، ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی باوکی کۆچکردووتان بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و سەبر و دڵنەواییتان پێ ببەخشێت.

* * * *

بەڕێزان، خانەوادەی حەننا شابو بەترس عەزەمەت،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی(حەننا شابو بەترس عەزەمەت)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بەهەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

بەڕێزان، لە خانەوادەی ڕەشید ئاغای خەیلانی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(ئامینە شێخ حەسەن)هاوژینی خوالێخۆشبوو(ڕەشید ئاغای خەیلانی) و دایکی شەهید(قادر)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نبشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بەهەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

بەڕێزان، خانەوادەی جەلیل مام خەلیل،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول (جەلیل مام خەلیل)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نبشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

* * * *

هەڤاڵی بەڕێز کاک ڕەشید سندی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی لەناکاوی کچی بەڕێزتان خاتوو جیهان سان پێگەیشت.

خاتونی کۆچکردوو جگە لە ئەرکی خۆی وەک ڕاوێژکار لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک کادیرێکی چاالک لە زۆر بواردا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو و لەدەستدانی خەسارێکی گەورەیە.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزمان و دۆست و ئاشنایانتان و هاوکارانی جیهان خان دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی خاتوو جیهان بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

* * * *

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی کەمال تاهیر عوزێر،

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی گەورەی کاکەیی و کەسایەتی دیاری شاری خانەقین و گەرمیان(کەمال تاهیر عوزێر)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانی کاکەیی دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو(کەمال تاهیر عوزێر) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

جەلیل گادانی تیۆرمانێک لە ژیان و بۆچوونەکانی





بارزان محەمەد عەلی

بوو، دوات لەگەل حدکا یەکیان گرتەوە و جەلیل گادانی بووە ئەندامی دەفتەری سیاسی.
گادانی جگە لەکاری سیاسی دەستی نووسینیشی هەبوو، چەندین کتێبی لەبوارەکانی سیاسی و میژووییدا، لەدوای خۆیدا جێهێشتووە و ڕۆلی لە ڕوونکردنەوەی زۆر ڕووداوی سەردەمی کۆمار و ڕووداوەکانی دواتردا هەبووە.
خەمی ژیانی خەڵکی هەبووە و بۆ ئەو مەبەستە فیلمێکی بەڵگەیی لەبارەی ژیانی کۆڵبەران بەرهەم هێناوە، هەروەها هەوڵی پێکەوە کارکردنی هێزەکانی ڕۆژهەلاتی دەدا و پلاتفۆرمێکی پێکەوەکارکردنی بە سەرکردایەتی ئەو حزبانە دابوو، 27 ساڵە ڕۆژهەلاتی کوردستانی جێهێشتووە..
سیاسەتمەدارو‌کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد، پاش حەوت دەیە تێکۆشانی سیاسی لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیدا، ماوەی هەفتەیەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو، ڕۆژی پێنج شەممە 6/8/2020 بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی، گیانی لەدەستدا و تەرمەکەشی لە گۆڕستانی شەهیدانی حزبی دیموکرات لەشاری کۆیە بەخاك سپێردرا .

ژیاننامە :

- نیاوی تەواوە جەلیل حاجی ئەحمەدە ناسراوە بە (جلیل گادانی) لەساڵی 1934 لەشاری مەهاباد لەدایکبووە.
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەمەهاباد تەواو کردووە .یەکەمین قوتابخانەی کوردی شەوانەی نهێنی لە ماڵی ئەوان لەساڵی 1944 دروستبووە. لە تەمەنی چواردەساڵی و لە ساڵی 1948بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان. -لەسەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شادا لەسەر چالاکییەکانی پێنج جار و بۆ ماوەی 13ساڵ زیندانی بووەو لەزیندان سێ زمان فێربووەو چەند کتێبێکی وەرگێڕاوە . لەساڵی 1972 لیسانسی لەزمانی فەرەنسی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە،دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، بوو بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکرات، لە کۆنگرەی چواردەی ئەو حزبەدا کرایە ئەندامی ڕێبەری و دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات تاوەکو ساڵی 1986، لەو ساڵەدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی لە حدکا جیابوونەوە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان دامەزراند. جەلیل گادانی بۆماوەی هەشت ساڵ سکرتێری ڕێکخراوەکە نەگرتووە.

دید و بۆچوونەکانی جەلیل گادانی کەسایەتی دیاری کورد لەبارەی چەند پرسێکەوە:

هەڵسەنگاندێک لەسەر هەوڵومەرجی هەنوکەیی تێوانەتەوەیی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست؟

هەل و مەرجی نێونەتەوەیی زۆر ئالۆزە دەبینم. هاوکاری ئەمریکا و ئەوروپا تا ڕادەیەکی بەرچاو ئارامی لێ چاوەڕوان دەکرا، بەڵام بە هاتنە سەرکاری ترامپ تا ڕادەیەکی زۆر ئەم دۆخە گۆڕاوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تا دوێنێ تیرۆریزم زیاتر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە لایەن ئێرانەوە ڕەواجی پێ دەدرا ئێستا ئەوروپای بەربەرینی و تەنانەت ئەمریکاشی گرتووتەوە .بەکورتی دنیاکە زۆر شەڕاوی بووە، ناکۆکی ڕوسیە و ئوکراین، ئازمایشی مووشەکی ئەتومی کووری باکوور کە نەتەنیا تا ئێستا پێشی پێ نەگیراوە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر چاوسوور دەکاتەوە و نارێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی بە هێند ناگرێ و هەموو ڕۆژ درێژە بە تاقیکارەکانی دەدا کە مەترسیەکی زۆر گەورەیە.
هەر لەو بابەتەوە گەرچی بە ڕووکەش ئێران کۆنترۆڵ کراوە بەڵام لە بنەوە هەر خەرێکە بە هیچ شێوەیەک ڕیگە بە کونترۆل و چاوەدێری بەسەر بنکە و بارەگا نیزامی یەکانی نادا .لە ڕاستیدا نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و نە شورای ئەمنیەت و نە ناتۆ لیبراوی و بواری جارانیان نەماوە. و دنیایەکی بێ کونترۆل و بێ بەرپرسانە دێتە بەرچاو. وەزعی دنیا ئالۆزتر دەبینم. ڕەنگە ئەگەری شەڕی جیهانی لەسەر بەرژەوەندی زۆرداران و خاوەن دەسەڵاتانی گەورە کەم بێ، بەڵام ڕەنگە ئەگەری سازبوونەوەی شەڕی سارد و ساز بوونەوە قوتب بەندی جیهانی بە شێوەیەکی نوێ چاوەڕوان دەکرێ .ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ناکۆکی و بەرژەوەندی زلهێزەکان ئالۆزترە لە چەند ساڵی ڕابردووە. ئەوە داعشیان تیدا ساز کردوە کە چەند ساڵە هەموو سەرمایە و سەروەتی سێ چوار وڵاتی نەفتاوی بە شێوەی جۆراوجۆر لێ خەرج دەکرێ و بەو زوانەش ئەم ئاگرە ناکۆژێتەوە و جاری کاریان پێبەتی. دنیا تووشی بی غیرەتێکی سەیر بووە، ئەوە ئەسەد نیو میلیون خەڵکی بە ئاشکرا کوشتووە و چەند میلیون دەربەدەر کردوە، وڵاتەکەی خۆی بە خاتری مانەوەی لە دەسەڵات دا بە هیلاک کرد و وێرانی کردوە کە چی خاوەن دەسەڵاتان بە حورمەتەوە دەڵێن دەبی بمینیەوە دنیایەکی سەیرە! دەڵێن سایکس و بیکۆ تەواو بووە، نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئالۆگۆڕی بەسەر دادێ بەڵام هەر گالتەیە. ئەگەر دوای ڕیفراندۆم شتێک بە کورد براو ئەو بەشە سەربەخۆ بوو دەڵیم وایە و ئالۆگۆڕ لەگۆڕدایە دەنا هەر لە چوارچێوەی قسە و خەیاڵدا دەمینیتەوە. ئەوەش ڕوونە تا کۆماری ئیسلامی بمینێ تالەبان و نمونەکانی وەک قاعیدە و داعش هەر دەمێنن و دەستی وڵاتانی زلهێزیشی لە پشتە و بازارەکانی چەک و چۆل و تانک و تۆپ و تەیارە دەبی هەر گەرم بێ کە گەلاڵەکەی لە لایەن خۆیانەوە داڕێژراوە.
کورد لانی کەم لە باشوور بەو فیداکاریەی لە بەرەنگار بوونەوەی داعشدا کردویەتی، ئەگەر تەبایان هەبێ گەورەترین شانسیان هەیە کە بەداخەوە تا ئەمڕۆش سەری نەگرتووە.

دوو هەلی میژوویی بۆ کوردی ئەو بەشە هاتە پێشی شەڕی کەنداو و ئاکامەکەی ڕووخانی سەددام. هەروەها هاتنی داعش کە فیداکاری پێشمەرگە لە بەرانبەریدا گەورەترین ناو و نیشانی بۆ کورد بە گشتی و بە تایبەتی بۆ حکومەتی هەرێم و کوردی باشوور پێکهینا.

گادانی دەڵێت: هیوام زۆر بە سەرکەوتنی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان نییە، دەڵێت سیاسەتی پەیەدە زۆر غەلەت و نادروستە و بەکار و کردەوانە دوای تەواو بوونی شەڕیش دەستیان لە هیچ بەند نابێ .ئەگەر بیروڕای جیهانی دژی ئوردەغان لە تورکیە نەجوڵێ ئەو کەللەڕەقە هەروا دەکرێ و دەکوژی دەبڕێ و جوولەی هێزی پێشکەوتوو کوردەکان لە باکوور ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر سەرکوت دەکا و سەری سازانی بە تایبەتی لەگەڵ کوردان نییە. یا ڕەنگە بە کودەتایەک بڕوا و خەڵک نەفەسێکی ڕاحەت بکێشێ ئەو کابرایە حەیای تکاوە و ڕەنگە دەیان ساڵ بێ تورکیە بە گشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی ڕەفتاری ئاوا وەحشیانەی بە خۆیەوە نەدیبێ..
هەروەها پێشی وایە خەبات لە ڕۆژهەلاتیش زۆر لاوازە و جارێ ناوی لە نێو ناواندا نێیە و لە ڕوانگەی گادانییەوە ڕزگاری خەڵکی ئێران تەنیا لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدایە ئەویش ئۆپوزیسیونێکی ڕێک و پێک نێیە کە بتوانی ئالترناتیوبوونی خۆی بخاتە بەر دیدی دەوڵەتان و خەڵکی جیهان . پرسی سەربەخۆیی یەکێک لەو کارە گرینگانەی کە کورد بە ئاشکرا ویراویەتی باسی بکا. مافیکی بێ ئەم لاو و ئەولایە. بەڵام دەبێ لە دوو لاوە کاری بۆ بکرێ یەک ناوماڵی کورد ڕێکخرێ و ئاوەدانتر بکرێتەوە، دوو هەوڵی چڕوپڕ بۆ کاری دیپلۆماسی و ئامادەکاری زەینی وڵاتان بدرێ. لە هەمان کات دا دەبێ وریای پیلانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بین کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئەم کارەن و لە پیلانگێری غافل نین.

•وەک کەسایەتی سیاسی بە ئەزموون و دێرین ڕۆژهەلاتی کوردستان دید و بۆچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بەم شێوەیەیە:

شۆڕشی گەلانی ئێران و کورد:

کورد سەرڕایی ئەوەی لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا نەقشی بەرچاوی هەبوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەو پەی نیەت پاکی خۆی نیشاندا و چەند جار لەگەڵ خومەینی دانیشت بەڵام کەمترین سەرنجیان بە ویستی گەلی کورد نەدا و شەڕیان بە کورد فروشت و ئەم شۆڕشە هیچ قازانجێکی بە کورد نەگەیاند، بەوپەڕی بێ ڕێزی لەگەڵ کورد جوولانەوە. دیاریی ئەم ڕژیمە بۆ کورد کۆشت و بڕو بێ ویژدانانە گرتن و کوشتاری بە ڕێژەیە، زۆر بەکەمی جارجار حەرەکەتێکی تیرۆریستی دەکرا. بەڵام ئەوان سەرمایەکی زۆر خەڵکیان لەم پێناوە دا سەرف کرد. نە تەنیا لە ناوخۆی ئێران بەڵکوو لە باشووری کوردستان و وڵاتانی ئوورپایی دەیان و سەدان کاری تیرۆیستیان ئەنجام دا کە بەداخەوە ڕێبەرانی کوردیشی گرتەوە . پێویستە خوێنەر بزانی کە سێ جار بۆ من کە ئەو کات سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بووم بەرنامە ڕیزیان کرد تیرۆرم کەن کە دوو لەوان بە شێوەی فیلم مەوجوودن و یەکیان لە لایەن تەلڤزیۆنی سویدەوە وەک دوکومینت ئامادە کراوە و بڵاو بۆتەوە. بە کورد و فارسیش وەرگێردراوە، ماهیەتی تیرۆریستی لە کۆنەوە لە گەڵ ئایینی شیعە تێکەڵ بووە و ڕژیمی ئێستای ئێران بۆ لە ناو بردنی دژبەرانی خۆی لە هەموو حیزب و هێزە سیاسی یەکانی کوشتووە و لە کورد زۆر زیاتریش لە ئەوانی دیکە کە ئامارەکە خۆی ٢٠٠ کەس دەدا بە تایبەتی لە ساڵانی پێشوو، لە نەوەکان دا دەستێکی ڕەشیان لێ وەشاندین و تەنانەت جگە لە گوللە تیزاب، پەنایان بۆ ژەریش بردو زۆر کەسیان لە کادر و پێشمەرگە ژەرخواردو و دەرماندراو کرد .

هۆکاری جیابوونەوە و دابرانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و میکانیزمی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەیان؟

- هۆکارەکانی جیابوونەوەی حیزبەکان زیاتر لەسەر ڕەفتاری نادروست و دیکتاتۆریبانە بەڕێوەنەبردنی ئوسول و پرەنسێپەکانی حیزبی و سیاسی یە، لێک جیابوونەوە ئاسانە بەڵام یەکگرتنەوە کارێکی دژوارە. بۆ نموونە یەکگرتنەوەی دوو بالی حیزبی دیموکرات ویستی خەڵک و پێویستی یەکی مێژووییە بەڵام بەداخەوە هەر چەندی ئێمە چوونە پێش و گەلاڵەمان داوە لایەنی دیکە بە هێندی نەگرتووە و تا ئێستا هیچ ئاکامی نەبووە.

هەڵوێستی تۆپۆزسیۆنی ئێران تاچەندە لە پەرژەوەندیی کورد دایە؟

- بەداخەوە تۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەرانبەر بەو هەموو فیداکاریەی کورد بۆ دیموکراسی و ئازادی لە ئێران کردوویەتی زۆر بێ تەفاوەتن. بێ گومان هێزە ئێرانییەکان هیچیان تەئیدی دیاری کردنی مافی چارەنوسی کورد بە شێوەی سەربەخۆیی بە ڕەوا نازانن. تەنانەت زۆربەیان لەگەڵ فیدرالیریش دژایەتی دەکەن.

سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراق دا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟

ئێران حەز دەکا بەهەر شێوەیەک بۆی بگونجی لە کارو باری عێراق بە گشتی دەست تیوەردان بکا و هیچ کات لە کوردسیانیش بۆ پیلان دژی ئێمە ڕانەوەستاوە. زۆر جار حکومەتی هەرێم و حیزبە خاوەن دەسەڵاتەکانی خستوتە ژێر زەخت و کەم و زۆر کاریگەری لە کەم بوونەوەی تێکۆشانی ئێمە هەبوە.

ئایا پرۆسەی دەوڵەت نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟

- مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوەم پێ نادروستە. ئێمە لەوەتی هەین نەتەوەین و هەموو تایبەتمەندیەکانی نەتەوەمان بە پێی هەموو تاریفەکان لە نەتەوە تیدایە و نەتەوەشین بەڵام تا ئێستا دەولەتمان نییە و غەدرێکی گەورەیە لێمان کراوە.

پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی کورد لەدەرەوەی وڵات لەچ ئاستێک دایە؟

- فیداکاری پێشمەرگە و ئیدارە کردنی ئەو شارەی لە لایەن حکوومەتی هەرێم و مەسەلەی کوردی زۆر بەرەو پێش برد. بەشێوەیەک کە چەندین وەزیرو پەرلەمانتەر، و تەنانەت سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆماریش باشووری کوردستانیان بەسەر کردەوە و ئەو بەشە لە کوردستان زۆر کار و دیدار گرنیگیان تیدا بەڕێوە چووە. بەڵام بەشەکانی دیکە و تەنانەت باکووری کوردستانیش کە گەورەترین و پڕ حەشیمەترین بەشی کوردستانە ئەو چەشنە کە پیویستە نەیانتوانیوە بچنە پێش. بەتایبەتی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەم بوارە دا زۆر لە پاشە و زۆر جار پێشنیارم کردوە هەیئەتی دیپلۆماسی هاوبەش بنێرنە هەندەران بەڵام سەری نەگرتوە. بۆ ئێمەی ڕۆژهەلاتیان کە ئێستا جوولای نیزامیان یا نییە یا زۆر کەمڕەنگ بۆتەوە دەبێ لە ڕێگای دیپلۆماسی و کاری سیاسی لەگەڵ وڵاتان و حیزبەکانی ئەوان پەیوەندی زیاترمان هەبێ. هەم بۆ ڕاگەیاندنی حەقانیەتی خەباتمان و گیانبازی ڕابردوومان هەم بۆئیفشاگەری لە ماهییەتی ڕژێم. وەک دەزانن ئەو کارە پشوو درێژی هەوڵی زۆری دەوێ. بڕوانە پاش ٣٠ ساڵ تازە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر دەرخستنی ئەو ڕاستی یە قبوولْ دەکا کە ڕژیم لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی هەزاران بەندی سیاسی کوشتووە.

پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناوخۆی؟

دامەزرانی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی پرسی ئێمەو پێشنیاری ئێمە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێری حیزبی دموکراتی کوردستان بوو کە پێک هات و بەداخەوە بەلاڕێدابرا. هۆیەکەشی هەژموونی خوازی پ کا کا بوو کەوا لاوازی کردوە کە ئێستا لە بیر کۆنگرەیکی دیکە دان. هەتا حیزبەکانی کوردستانی بەتایبەت پ کاکا دەست لە هەژموونی خوازی هەلنەگرێ و لەو ڕێکخراوە دا دیموکراسی و بەرچاوگرتنی مەسلەحەتی نەتەوەی کورد بە گشتی بەرچاو نەگیرێ، ئەم کۆنگرە پێک نایە و ئەگەر پێکیش بێ کارایەکی ئەوتۆی نابێ. کاتی خۆی بەر لە پێک هاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئێمە چەند مەرجان دانا.

١- کیشی فەردپەرستی نەبێ.

٢- دیموکراسی بە مانای واقع بەرچاو بگیری و بەڕێوە بچێ.

٣- پاوانخوازی و هێژمۆنی تەلەبی نەمینێ.

٤- ئەو ئورگانە کە لە هەموو هێزەکان وەک نوێنەری نەتەوەی کورد پێک دێ.

دەبێ فەرق و جیاوازی بۆ هەموو بەشەکان وەک یەک کار بکا و بێ ترس و واهیمە لە بەرژەوەندی هەر چوار پارچە بدوێ و پارێزەریان بێ و ڕێز بۆ هەر پێشنیارێک دابنێ کە بە قازانجی کورە.

میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان؟

- داگیرکەران باوەریان بە مافی کورد نییە، بە دریژایی تەمەنیان دژی کورد جوولاونەوە و هەر جوولانەوەکیان بە تۆندی سەرکوت کردوە. ئەگەر ئەوان باوەڕیان بە مافی ڕەوای کورد هەبێ، ڕێگە چارەی ئاشتیخوازانە زۆرە. یەکێک لەو ڕێگەکان ئەوەیە کە دنیای دەرەوە بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ کە کوردیش مرۆڤە زەخت بخەنە سەر ڕژیمەکان.

سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا؟

- سوسیالیزم بە تەنی وەک ئیدە زۆر باشە، بەڵام تەتبیقی دادەری و شەریفانەی سەختە. بۆ ئێمەی کورد لە پێشدا چارەی مافی نەتەوەیی ڕەوایە پیادەکردنی سوسیالیزم بە مانای واقعی خۆی.

ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و پرسی کورد؟

- بوونی کورد لە ئەنترناسیونالی سوسیالیست باشە. کورد دەڵێ بۆیە پێدەلیم خاڵە چۆلەکەم بۆ بگرێ. ئەنترناسیونالی سوسیالیست دەبێ بۆ مەسەلەی کورد بە گشتی زۆر لەو زیاتر تێکۆشێ و لەگەڵ ڕژیمەکان هەول بدەن دان بە مافی کورد دابنین و حەقانیەتی خەباتی ئێمەیان پێ بسەلمێنن.

ڕۆڵی تۆڕی ڕووناکبیری کورد لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان؟

- تویژی ڕووناکبیری کورد و تێکۆشانی لە ئاستی پێویست دانی یە. ڕاستە خەفەقان هەیە بەڵام بواریش بۆ هێندیک تێکۆشان هەیە کە بەداخەوە بەتیکرا کەم کارو تا ڕادەیەک بێ تەفاوەتن. ڕووناکبیر بۆیە

پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان:

- پێشمەرگە مرۆڤێکی پاکباختە و دڵسۆزی بۆ ئازادی نیشتمانە کە دەبێ لە داهاتووی کوردستاندا نەقشی هێزی نیزامی و ڕاگرتنی نەزم و سنوور کوردستانی لە عەودە بێ. خەباتەکەی پیرۆز و جێگەی ڕێزە بەڵام ئێستا هەلومەرجی بەم دۆخە ئەمنیەتی کە لە کوردستان و بە تایبەت لە سنووەرکان ڕژیم دایمەزراندوە دروست نێیە هێزمان بەهەدەر بدەین. دەبێ تەعلیمات و ئاموزشی هەموو لایەنە بۆ کاتی پێویست بدرێ. بەڵام کە بۆ کاری تەشکیلاتی ناو خەڵک بیگومان پیویستە بۆ بەرگری لە خۆیان چکدار بن.

دروشمی ڕوخانی ڕژێم:

دروشمی ڕووخانی ڕژێم لە جێی خۆیدایە. بە باوەری من هەتا ئەو ڕژیمە بمینێ سەری سازیش و ڕێکەوتنی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن نابێ. بڕوا بوون بە وتوێژ لەگەڵ ئەو ڕژێمە و هیوادار بوون بە ئالۆگۆڕ خۆ فریو دانەو بەس.

خەباتی مەدەنی میکانیزم‌و میتۆدەکانی خەباتی مەدەنی؟

- خەباتی مەدەنی ئەرکی ناوخۆی دانیشتوانی وڵاتە کە زۆر جار دەتوانی کاریگەری باشی بۆ پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی هەبێ کە ئەویش بوارەکەی زۆر تەسکە. هەر چەشنە جموجۆلێکی ئیعتڕازی لە هەر بواریک دا کە بتوانی ڕژێم و ئۆرگانەکانی بینیتە ژێر پرسیار دەسکەوتی خۆی دەبێ.

تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد؟

- بە باوەری من سەرچاوەی تیرۆر و پەرەساندنی ئەم دیاردە دژی نیشانی یە کۆماری ئیسلامییە. تا بەڕلە هاتنە سەرکاری ئەم



پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی



بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
بۆ خانەوادەی بەڕێزی کاك جەلیل گادانی
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و نیشتیانپەروەری ناسراو و ڕۆشنبیری کوردستان، خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی ـمان پێ گەیشت.
پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و هاوڕێیانی کاك جەلیل و سەرجەم خزم و کەسوکارتان ڕادەگەیەنم و بەشداری خەمتانم.
لە خودای گەورە داواکارم گیانی پاکی کاك جەلیل بباتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی و ئارامییش بە هەموو لایەك ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون

مەسعود بارزانی
٦ی٨ی ٢٠٢٠

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
Please read more details on the key responsibilities of this job in our website

Required Qualifications & Experience:

- Ideally MSc Petroleum Engineering or, as a minimum BS degree in Petroleum Engineering (or equivalent).
- 15+ years of experience in the E&P industry in the area of Petroleum and Reservoir Engineering. Extensive experience with an operator.
- Practical experience in managing the subsurface aspects of mature oil fields.
- Thorough knowledge of reservoir engineering fundamentals and experience in reservoir engineering aspects of fractured carbonate systems.
- Sound understanding of data acquisition practices, operational challenges, opportunities and limitations thereof.
- Ideally, experience with gas injection schemes in fractured carbonate reservoirs.
- Good understanding of static and dynamic reservoir characterization of fractured carbonates.
- Knowledge and understanding of other subsurface disciplines.
- Good understanding of artificial intelligence, machine learning applications in reservoir management and automated well/ reservoir monitoring tools/ tool developments.

Will be based out of the Dubai office. The duration will be continuous, and the work schedule will be 5 days per week Sunday to Thursday.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە دلاوەر ئازگەیی دەکات

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێز کاك دلاوەر ئازگەیی - نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای گەورەتان، سلێمان خالید ئازگەییمان پێگەیشت.

سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خوای گەورە داواکارم گیانی کاك سلێمان بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئۆقرەیی و ئارامییش بە هەموو لایەك ببەخشێت .

انا لله وانا اليه راجعون

مسعود بارزانی

6ی8ی2020

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو خالید ئازگەیی

خەمباربوویـن بـە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و کادیری دڵسۆزی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و پارتیمان، هەڤاڵی تێکۆشەر و میدیاکار سلێمان خالید ئازگەیی.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەر و کوردپەروەرەکەتان و کەسوکار و هاوپیشە و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموولایەك ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

پرسەنامەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ بنەماڵەی هەڤاڵ سلێمان خالید ئازگەیی

بـە خـەم و پەژارەیەکـی زۆرەوە، هەواڵـی کۆچـی دوایـی هەڤـاڵ (سـلێمان خالیـد ئازگەیـی) کارگێـری مەکتەبمـان ڕادەگەیەنیـن، کـە بەنەخۆشـی ماڵئاوایـی یەکجارەکـی لێکردیـن.. خوالێخۆشـبوو هەڤاڵێکـی چـاڵاك و نـاودارو خۆشەویسـتی ئێمـە بـوو.

بـەم بۆنەیـەوە، سەرەخۆشـی خۆمـان لـە خانـەوادەی بەڕێزیـان دەکەیـن و داواکارین خـوای گـەورە بـە بەهەشـتی بەرینـی شـاد بـکات و دوا ناخۆشـی بنەماڵەکەیـان بێـت.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی

***

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

خوالێخۆشبێت سلێمان ئازگەیی پەروەردەی بنەماڵەیەکی خەباتکار و کادیرێکی لێهاتووی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتیمان بوو

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پرسەنامەیەك ئاراستەی خانـەوادەی هەڤاڵـی تێکۆشـەر سـلێمان خالیـد ئازگەیـی دەکات، ئەمـەی خـوارەوە دەقەکەیەتـی:

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر سلێمان خالید ئازگەیی

بـە خـەم و پەژارەیەکـی زۆرەوە گوێبیسـتی هەواڵـی کۆچـی دوایـی هەڤاڵـی تێکۆشـەر و میدیـاکار (سـلێمان ئازگەیی)بووین، بـەو بۆنـە خەمناکـەوە پرسـە و سەرەخۆشـی خۆمـان ئاراستـەی ئێـوەی بەڕێـز و کەسـوکار و بنەماڵـە تێکۆشـەرەکەتان دەکەیـن و خۆمـان بـە هاوبـەش وشـەریکی خەمتـان دەزانیـن.

هەڤاڵـی خوالێخۆشبوو(سـلێمان ئازگەیـی) پـەروەردەی بنەماڵەیەکـی خەباتـکار و شۆڕشـگێڕی کوردسـتان و کادیرێکـی دێرینـی پارتیـمان بـوو، هەروەهـا یەکێـك بـوو لـە تێکۆشـەرانی زیندانـی سیاسـی، خوالێخۆشـبوو کەسـایەتیەکی ناسـراو و دیـاری بـواری ڕۆژنامەنووسـیی و ڕاگەیانـدنی پارتیـمان لەبـواری دیزایـن لەهـەردوو ڕۆژنامـەی (برایەتـی و خەبـات) و (گۆڤـاری گوڵـان)یش ڕۆڵـی دیـار و بەرچـاوی هەبـوو، هەروەهـا پـاش سـاڵی 2003 لەگـەڵ هەڤاڵەکانـی بـۆ دەرچوانـدی ڕۆژنامەی(التاخـی) ڕوو لەبەغـدا دەکات و دواجاریـش وەك ئەندامـی مەکتەبـی کۆمەڵایەتـی پارتیـمان لـە خزمەتکـردن بـەردەوام بـوو تـا ماڵئاواییکردنـی یەکجارەکـی.

ئومێدەواریـن هاوخەمیـی و هاوسـۆزیی هەڤـاڵان و هاوپیشـە و دۆسـت و ئاشـنایانی بەیتـە مایـەی دڵنەوایـی و سـەبووری خانـەوادە تێکۆشـەرەکەتان و لـە خـەم و خەفەتتـان کەمبکاتـەوە. جارێکـی دیکـە پرسـە و سەرەخۆشـی خۆمـان دووپـات دەکەینـەوە هیواخوازیـن لـە خـەم و خەفـەت و کۆسـتی دیکـە بـە دوورببـن و جێـگای هەڤاڵـی کۆچکردوویشـمان بەهەشـتی بەریـن بێـت...

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

***

پرسەنامەی ڕۆژنامەی خەبات

بۆ بنەماڵەی نیشتیمانپەروەری گەلەکەمان خوالێخۆشبێت سلێمان خالید ئازگەیی

بـە داخ و پەژارەیەکـی زۆرەوە هەواڵـی کۆچـی دوایـی خوالێخۆشـبێت سـلێمان خالیـد ئازگەیـی- مـان پێگەیشـت.

مـام سـلێمان ئازگەیـی، لـە بنەماڵەیەکـی تێکۆشـەری کوردسـتان و یەکێك لە تێکۆشـەرانی زیندانـی سیاسـی بـوو. خوالێخۆشبوو کەسـایەتیەکی دیـار و کادیرێکـی لێهاتـووی بـواری ڕۆژنامەنووسـیی و ڕاگەیانـدن بـوو، لـە بـواری دیزایـن لـە هـەردوو ڕۆژنامـەی برایەتـی و خەبـات و گۆڤـاری گوڵانیـش ڕۆڵـی دیـار و بەرچـاوی هەبـوو و بەرپرسـی پێشـووی بەشـی هونەریـی ڕۆژنامەکەمـان بـوو.

بـە نـاوی سەرنووسـەر و تـەواوی سـتافی ڕۆژنامەکەمانـەوە، پرسـە و سەرەخۆشـیی خۆمـان ئاراسـتەی ئێـوەی بەڕێـز و تـەواوی کەسـوکار و هاوەڵانـی دەکەیـن و لـە خـوای گـەورە داواکارین خوالێخۆشبێت بـە بەهەشـتی بەریـن شـاد بـکات و سـەبوریی هەمـوو لایەکیـش بـدات.

انا لله وانا اليه راجعون

خەبات



ژیاننامەی سلێمان خالید ئازگەیی

-لەدایکبووی ساڵی -1955 گوندی ئازگە سەر بەناحیەی مەسیف سەڵاحەددین.

-دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ لە خەبات.

1970-1975- ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

1974-1975- بووە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول.

-لە 1980 ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی عێراقە.

1978-1988- زیندانی سیاسی بووە لەگەڵ دایك و برایەکی.

1991- بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە.

1993- بووە ئەفسەری ئیداری - لیوای 32 لە هەریر.

1994- بووە کارمەند لە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات.

-هـەر لـەم سـاڵەدا ئـاوارەی شـارۆچکەی پیرمـام دەبێـت و لەگـەڵ فەرمانـدە خالیـد ئازگەیـی لـە میحـوەری بەحرکـە دەبێتـەوە پێشـمەرگە.

1995- دوای دامەزراندنـەوەی دەزگای ڕۆژنامەنووسـیی برایەتـی و خەبـات و گـوڵان لـە پیرمـام دەسـتی بـەکار کـردەوە.

2003- دوای 8 ڕۆژ لـە ڕووخانـی ڕژێمـی سـەددام، یەکـەم کـەس بـوو لەگـەڵ شـاندێك ڕۆژنامـەی خەباتـی گەیانـدە شـاری بەغـدا.

-لـە 1/5/2003 لەسـەر بڕیـاری مەکتەبـی سیاسـی پارتـی، چـووە بەغـدا بـە مەبەسـتی دەرکردنـەوەی ڕۆژنامـەی التاخـی.

-لێپرسراوی بەشی کۆمپیوتەری ڕۆژنامەی التاخی و دواتریش کرایە بەڕێوەبەری ئیدارە.

2005- کرایە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی.

-سەرۆکی زیندانیانی سیاسی کوردستان.

-ئەندامی فەخری خۆشنووسانی کوردستان.

-لە 5/8/2020 بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی 65 ساڵی کۆچی دوایی کرد.

پرسەنامەی ڕۆژنامەی التآخي

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر (سلێمان خالید ئازگەیی)

بـە خـەم و پەژارەیەکـی زۆرەوە گـوێ بیسـتی هەواڵـی کۆچـی دوایـی هەڤاڵـی تێکۆشـەر و میدیاکار(سـلێمان ئازگەیی)بووین، بـەو بۆنـە خەمناکـەوە پرسـە و سەرەخۆشـی خۆمـان ئاراسـتەی ئێـوەی بەڕێـز و کـەس وکار و بنەماڵـە تێکۆشـەرەکەتان دەکەیـن و خۆمـان بـە هاوبـەش وشـەریکی خەمتـان دەزانیـن.

لـە خـوای گـەورە داواکارین گیانـی کاک سـلێمان بخاتـە بـەر ڕەحمەتـی خـۆی و ئۆقرەیـی و ئارامییـش بەهەمووڵایـەك ببەخشـێت .

انا لله وانا اليه راجعون

ڕۆژنامەی(التآخي)

پرسەنامەی گۆڤاری گوڵان

بۆ کۆچی دوایی برای ئازیزمان کاك سلێمان ئازگەیی

بەڕێز کاك ئەردەڵان ..تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان

بەداخـەوە گوێبیسـتی هەواڵـی کۆچـی دوایـی هەڤـاڵ و هاوکارمـان کاك سـلێمان ئازگەیـی بووین ، خوالێخۆشـبوو جگـە لـەوەی لەبنەماڵەیەکـی شۆڕشـگێڕی گـەورەی کوردسـتان بـە گیانـی کوردایەتـی پـەروەردە کرابـوو ، لـە هەمانکاتـدا خوشـی یەکێـك بـوو لـە تێکۆشـەرانی زیندانـی سیاسـی و ، هەروەهـا کادرێکـی دەسـت ڕەنگینـی بـواری دیزایـن لـە هـەردوو ڕۆژنامـەی (برایەتـی و خەبـات) و ، پـاش پرۆسـەی ئازادکردنـی عێراقیـش لـە سـاڵی 2003 ، پێشـمەرگە ئاسا لەگـەڵ هەڤاڵەکانـی چـووە بەغـدا و بەشـداریەکی کارای لەدووبـارە دەرکردنـەوەی ڕۆژنامـەی (التاخـی) هەبـوو، پـاش گەڕانەوەشـی لەبەغـدا ، دیسـان وەك ئەندامـی مەکتەبـی کۆمەڵایەتـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە خزمەتکـردن بـەردەوام بـوو هەتـا بـۆ دواجـار ماڵئـاوای لێکردیـن.

ناسـینی مـن و کاك سـلێمان ئازگەیـی دەگەڕێتـەوە بـۆ مانگـی شـوباتی 1995 کـە یەکەمجـار چوومـە دەزگای برایەتـی و خەبـات لـە پیرمـام ، لـەو کاتـەوە هەتـا ئـەو ڕۆژەی ماڵئاوایـی لیکردیـن بـەردەوام بـە قسەخۆشـەکانی بەسـەری دەکردینـەوە، هـەر ئەمسـاڵ لـە 22ی نیسـانی 2020 بەبۆنـەی سـاڵیادی دامەزراندنـی گۆڤـاری گوڵانـەوە ، کۆمێنتێکـی بـۆ ناردبووین و نووسیبووی (بـرا ئێمـەش گوڵانین) ، دیـارە کاك سـلێمان لـەو کاتـەی دەزگای گـوڵان لـە کۆتایـی 1994 چـووە پیرمـام ، ئەویـش هـاوکار لەگـەڵ کاك سـۆران و شـێخ شـکار نەقشـبەندی بەشـداربوون لـە دیزاینـی ژمـارە (39)ی هەفتـە نامـەی گـوڵان ، کـە بـۆ یەکەمینجـار بـە شـێوەی گۆڤـار چاپکـرا.

بەداخـەوە کۆچـی دوایـی کاك سـلێمان لـە کاتێکدایـە کـە بڵابوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا ڕێگـە نـادات لـە نزیکـەوە بەشـداری پرسـەی ئـەم بـرا ئەزیزەمـان بکەیـن، بۆیـە لێـرەوە پرسـەو سەرەخۆشـی خـۆم ئاراسـتەی کاك ئـەردەڵان و کاك کەیوانـی کـوری و تـەواوی بنەماڵـە بەڕێزەکەیـان دەکـەم و ، لەپـەروەردگار دەپاڕێمـەوە ئـەم ڕۆژنامەنـووس و پێشـمەرگەیە بـە بەبەهەشـتی بەرینـی خـۆی شـاد بـکات.

انا لله و انا اليه راجعون

فەرهاد محەمەد

سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پرسەنامەیەك ئاراستەی بنەماڵەی تێکۆشەر خالید ئازگەیی دەکات

بەڕێزان خانەوادەی ڕۆژنامەنووس (مام سلێمان خالید ئازگەیی)

هەواڵـی کۆچـی دوایـی هاوکارمـان و ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان (سـلێمان خالیـد ئازگەیـی) دڵتەنگـی کردیـن، کـە میدیاکارێکـی ماندوونەناس و بوێـرو بـە هەڵوێسـت بـوو، هیواخوازیـن ئەمـە دواکۆسـت و ناخۆشـی خانـەوادە بەڕێزەکەیـان بێـت.

انا لله وانا اليه راجعون

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان



کۆنگـرەی دامەزرانـدنـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان. ئیبراهیـم عەلـی مـوراد، خوالێخۆشـبوو مـام سـلێمان ئازگەیـی، خوالێخۆشـبوو یـاوەر نامیـق سـالم، ئـەردەڵان سـلێمان ئازگەیـی، زەمـان عوسـمان، ڕێبـوار محەمـەد، خوالێخۆشـبوو سـدیقی گچکـە، دلێـر عەونـی، هـاوار مورتکەیـی.

ماڵئاوا خۆشەویستەکەی هەمووان

هاوار مورتکەیی

ڕێـك 22 سـاڵ لەمەوبـەر کـە سـەرەتای کارکـردن و دەسـتبەکاربوونم بـوو لـە ڕۆژنامـەی خەبـات (برایەتـی ئـەوکات)، مـام سـلێمان خالیـد ئازگەیـی لـە بەشـی دیزاینـی ڕۆژنامەکـە بـوو، کـە بەدەسـت دیزایـن دەکـرا، دیاربـوو هەواڵێکـی منـی کەوتبـووە بەردەسـت بـۆ دیزایـن و هەواڵەکـەش لەسـەر دروێنـەی دەغڵـودان بـوو لـە دەشـتی هەولێـر و زۆر دڵـی پێبخـۆش بـووەو پرسـیوویەتی ئـەو هـاوار مورتکەییـە کێیـە؟ بـۆ بەیانییـەکـەی کـە هەواڵەکـەم لـە لاپـەڕە 4ی هەواڵەکـان بڵاوبـۆوە بـەدوای منـدا گـەڕاوەو هاتـە لام و گوتـی: تـۆ خەڵکـی مورتکـەی؟ گوتـم بەڵـێ، گوتـی یاخـوا بەخێـر بێـی ئـەوە یەکەمجـارە هەواڵـی دروێنـە لەسـەر ڕۆژنامەکـە دەبینـم و زۆر دڵمخۆشـە ڕۆژنامەنووسـێك دەبینـم بایـەخ بـە جووتیـاران و کشـتوکاڵ دەدات.

دوای ئـەو یەکترناسـینە مـام سـلێمان گوتـی: منیـش کـوڕە هـەژار و جووتیـارم، هـەر ئیشـێکت هەبـوو خـۆ بگەیـنە مامـی خـۆت، مـن لێـرەم و پشـتیوانیت دەکـەم و لـەو جـۆرە هەواڵانـە بـەردەوام بـە، کـە تـا ئـەو کاتـەی کۆچـی دواییکـرد ئـەو (خـۆ بگەیـنە مامـی خـۆت) بـووە نهێنییـەکی خۆشەویسـتیی لـە نێوانمـان، هـەر جارێـك شـتێکم لـە فیسـبووك پۆسـت دەکـرد، لەماسـنجەر نامـەی بـۆ دەنـاردم و دەیگـوت: ئـەدی نەمگـوت خـۆ بگەیـنە مامـی خـۆت..!

لێـرەوە مـام سـلێمانم ناسـی بـەڵام چ ناسـینێك؟ ئـەو هەمیشـە زۆر بەشـیرینی و لوتفـەوە قسـەی لەگـەڵ دەکـردم و هـەرزوو ئـەو مرۆڤـە کەوتـە بەردڵـم، کەسـایەتییەکی کۆمەڵایەتـی و خزمدۆسـت، بەتایبەتیـش دواتـر زانیـم لـە چ بنەماڵەیەکـی خەباتگێـڕ و شۆڕشـگێڕ لەدایـك بـووە، 22 سـاڵە وەك مـام و برازایـەك لەگـەڵ یـەك بووین و ڕۆژێـك لـەڕۆژان نـەوەك مـن، هیـچ کەسـێکم نەبینـی دڵـی لێـی ڕەنجابێـت و خوانەخواسـتە بەخـراپ باسـی کردبێـت، هەمیشـە خۆشەویسـتی ئەوانـە بـوو کـە لـەو شـوێنەدا کاری کردبێـت، دەنـگ و سـەدای هەواڵـی کۆچکردنەکەشـی سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەن، کـە مرۆڤێکـی پـاك و خۆشەویسـت و خۆنەویسـت بـووە لـەلای هەمـووان، ئـەوەی بـۆ سـاتێك مـام سـلێمانی ناسـیبێت دڵنیـام ئاهێکـی قوڵـی بـۆ بیسـتنی هەواڵـی کۆچکردنەکـەی هەڵکێشـاوە.

شـەوی بـەر لـە کۆچـی ناوەختـی زانیـم تەندروسـتی ناجێگیـرە، زۆر نیگـەران بـووم و خـۆم بـۆ نەگیـرا، هـەر ئـەوکات پەیوەندیـم بـە کاك ئـەردەڵان کـرد و لەهەواڵیـم پرسـی، زۆر دڵخـۆش بـووم کـە گوتـی نێسـتا باشـترە لەدوێنـێ شـەو، هێنـدەی نەبـرد بـۆ ڕۆژی دواتـر هەواڵـی کۆچکردنـی ڕاگەیەنـدرا و هەمووانـی تاسـاند، چونکـە لەدەسـتدانی مرۆڤێکـی لـەم شـێوە خەسـارەتێك بـوو بـۆ هەمـوو ئەوانـەی لەنزیکـەوە ئاشـنای ببـوون.

مـام سـلێمان خەمبـارت کردیـن بـە کۆچـە لەناکاوەکـەت، لـە خـوای مـەزن داواکاریـن سـەبووری بـە خانەوادەکـەی و کەسـوکاری بـدات و خوالێخۆشبووش بەبەهەشـتی بەریـن شـاد بـکات.



1992. خوالێخۆشبوو مام سلێمان لەگەڵ سەرۆك بارزانی و فەرماندەی خوالێخۆشبوو خالید ئاژگەیی



1974. خوالێخۆشبووان فەرماندە خالید ئاژگەیی مام سلێمان لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە لە زیندانی خەلان



2009. کۆشکی کۆماری، بەغدا. لەگەڵ خوالێخۆشبوو مام جەلال تاڵەبانی



2010. کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەگەڵ مەسرور بارزانی




2019. لەکاتی ڕێزلێنانی دوای تەواوبوونی نەرکی لە کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی لەلایەن ساسان عەونی.



2003. بەغدا. لەگەڵ خوالێخشبوو فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری ڕۆژنامەی التاخی



2002. هەولێر. لەگەڵ ڕزگار نوری شاوەیس سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەباتی عەرەبی



2020. خوالێخۆشبوو لەکاتی خۆشنووسیدا



1995. پیرمام. (شکار عەفان، موخلیس خۆشناو، خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا (بەڕێوەبەری نووسینی خەبات)، کاك فەرهاد عەونی (بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات)، خوالێخۆشبوو مام سلێمان خالید ئاژگەیی، شەماڵ ڕەمەزان



2003. لەکاتی دابەشکردنی ڕۆژنامەی خەبات لە نیو ئوتێل شیراتۆن- بەغدا دوای نەمانی ڕژێم





1995. لەگەڵ هاوکارانی بەشی کۆمپیوتەری ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات و گوڵان



خوات لەگەڵ مام سلێمان

شکار عەفان نەقشبەندی

هەرچەندە بڕوا ناکەم، مام سلێمان ئێمەی جێهێشتبێت، بەڵام هێشتا دەنگی ئەردەلان ی کۆڕی لە گوێم دەزرنگێتەوە، کە بە گریانەوە گوتی (بابم مرد)، ئیدی هەروا ناخم دەهەژێنێت.

سەرەتای نەوەتەکان بوو لە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ئەوکات کاك فەرهاد عەونی بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات بوو، بانگی کردم و چوومە لای، خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا خەتات بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی خەبات (عەرەبی)ـیش لەوێ بوو، مام سلێمانیان پێناساندم و گوتی: ئەم کاك سلێمانە کوڕی مام خالید ئاژگەییە، لەلای ئێمە کار دەکات و ببێە بەشەکەی خۆت (بەشی هونەریی دەزگا). بە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینەکەیەوە بەڕەو بەشەکەمان بەڕێکەوتین و یەکترمان زیاتر ناسی، ئەو خانەوادەی ئێمەی باش دەناسی و زۆر ڕێزی بەرانبەرم نواند، (کە بە خوالێخۆشبووی باوکم و مامی خۆشەویستم شێخ عەدنانم گوت فلانە کەس هاتۆتە لامان و لەگەڵ ئێمەیە لە ڕۆژنامە، ئەوان زیاتر باسی ئازایەتی و مەردایەتی خوالێخۆشبوو مام خالید ئاژگەیی باوکی مام سلێمانیان بۆ کردم زۆریش خۆشحاڵبوون).

مام سلێمان لەو کاتەوە بۆ من بووە هێزێکی مەعنەوی گەورەو کاری ڕۆژانەی دەزگا، لە ئاوارەییش لە کاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، کە بڕیاری دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی (برایەتی و خەبات) درا، مام سلێمان لە لای باوکی پێشمەرگە بوو، کە زانی پێویستمان بە کادری تایپ و نەخشەسازیی هەیە، لەگەڵ ئەو چەندە خوشك و برایانەی کە لەوێ بوون، دووبارە دەستمان بە کار کردەوەو بووە پشتوپەنا و وەك چیایەك لە پشت من و هەموان بوو، بووە هێزی کارکردنی بەشەکەمان، بە بەردەوامی بەیەکەوە بووین، ڕوو خۆشیی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە بەهێزەی کە لەگەڵ هەموو کەس هەیبوو، هەر لەو کاتەوە لەگەڵ هەڤاڵانی دیکەم لە ڕۆژنامە کردمانە برا گەورەو مامی خۆمان، بۆیەش پێماندەگوت مام سلێمان، هەر لەسەر زاری ئێمەوە ڕەحمەتی جەنابی مام خالید ئاژگەیی بە (مام سلێمان) بانگی دەکرد، لەو کاتەوە چەندین جار لەگەڵ مام سلێمان ئەو شانازییەم پێبڕا بە خزمەت خوالێخۆشبوو فەرماندە مام خالید ئاژگەیی بگەم، هەر بەڕاستیش وەك باوك و مام بوون بۆ من.

لەدوای نەمانی ڕژێمی سەددام بە 8 ڕۆژ، مام سلێمان لەگەڵ چەند هاوکارێکی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات، بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی، ڕۆژنامەی خەباتی عەرەبی گەیاندە شاری بەغداو لەوێ دابەشیان کرد، ئەوەش بووە هۆکارێك بۆ بریاری مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ دووبارە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی التاخی لە بەغدای پایتەخت، هەر خۆشی بووە یەکێك لە دامەزرێنەرەوەی التاخی و ماوەیەکیش بووە بەڕێوەبەری ئیدارەی ڕۆژنامەکە.

یادت بەخێر مام سلێمان، هەر کارێکم دەبوو، مام لە بەردەمم بوو، بێ گوێدانە هیچ شتێك کە لە تەمەنیش لە ئێمە گەورەتر بوو، ئەگەر لە کاری ڕۆژنامە دوابکەوتبایەن، مام سلێمان هێزیك بوو بۆ هەموومان، لە داواکاری و پێداویستی کارمان دەنگی ئێمە بوو، کە کەسیش داوای مام سلێمانی ڕەت نەدەکردەوە، لە کاری کۆمەڵایەتی گرفت و کێشەی هەڤاڵانمان کە تەلەفۆنم بۆ دەکرد، ئەگەرچی لە ڕۆژنامەش نەمابوو، بەڵام دەیگوت وەرە بەدوامدا، بۆ من و هەڤاڵەکانی تریشم دەبووە پشتوپەنا، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت، لەم ساڵانەی کۆتاییدا بە گاڵتەوە پێیدەگوتم: تۆ هەر لە ڕۆژنامەی، خۆم و دوای خۆم (ئەردەلان و کەیوان)ـی کوڕم و دواتر نەوەکەشم (نێچیروان) هەر لەگەڵتن. ئێستایش ناتوانم بڕوا بکەم کە مام سلێمان ئێمەی جێهێشتووە، تەنیا دەنگی گریانەکەی ئەردەلان دەڵێی کابووسێکەو لە مێشکمدا دەنگ دەداتەوە (بابم مرد)، بۆ من ڕۆژی ئ ئاب دیسان بووە ڕۆژێکی خەمناك و ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم، کە سااڵڕۆژی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو باوکمە.

بەڵام ئیتر ئەوەیە ڕێڕەوی ژیان، هەر ڕۆژەی ئازیزێك و هاوکارێکی خۆشەویستمان دەڕواو دەبێتە مێژوو، بە تایبەت ئەوانەی لە شوێنی کارکردنمان و بوونە ئەستێرەیەکی گەشی مێژووی ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات، کە لە قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕین دەیان پێشمەرگە و نووسەرو کەسایەتی سیاسی ناودار لە مێژووی ئەم دوو ڕۆژنامە، ئازیزانە لەگەڵمان بوون، بۆیە جێی خۆیەتی لەم کاتەدا کە ئازیزێك و کادیرێکی دڵسۆزی پارتی و دەزگای ڕاگەیاندنمان لە دەستداوەو چووتە لای ئازیزان و مامۆستایان و هاوکارانی دیکەمان، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە شانازییەوە لەگەڵیان کارمان کردووە، بەم بۆنەیەوە سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ دانەوێنین کە هەردەم لە یادمانن، ئەوانیش:

خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق سااڵ، خوالێخۆشبوو مامۆستا حەبیب محەمەد کریم، خوالێخۆشبوو مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی، خوالێخۆشبوو کاك زاهیر ڕۆژبەیانی، خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعید یەحیا خەتات، خوالێخۆشبوو کاك یاوەر نامیق سااڵ، خوالێخۆشبوو کاك شێرزاد عەبدولڕەحمان (کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا بەجێیهێشتین)، خوالێخۆشبوو نەجات حەمید، خوالێخۆشبوو ئەحمەد حاجی مەولود، خوالێخۆشبوو سەید محەمەد سەروچاوەیی، خوالێخۆشبوو شازاد ئەنوەر، خوالێخۆشبوو یاسین عاسم، خوالێخۆشبوو مامۆستا کەریم شارەزا، خوالێخۆشبوو ئازاد سوبحی، خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد سەلام، خوالێخۆشبوو تاریق ئیبراهیم شەریف، خوالێخۆشبوو مامۆستا سدیقی گچکە، خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد ساحێب نەقشبەندی، خوالێخۆشبوو محێدین قادر، خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا گۆران، خوالێخۆشبوو ناجی ئاکرەیی و شەهید عەبدولستار کەریم.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات



سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی سلێمان خالید ئاژگەییەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی دلاوەر خالد ئاژگەیی و خانەوادە و کەسوکاریان دەکات.



پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بەڕێز دلاوەر ئاژگەیی ، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا.
بنەماڵەی بەڕێزی کاك سلێمان خالید ئاژگەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك سلێمان، کوڕەگەورەی تێکۆشەری دێرین خالید ئاژگەییم پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەتان دەکەم . خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە ئێوە ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



قوباد تاڵەبانی پرسەنامەیەک ئاراستەی دلاوەر ئاژگەیی دەکات

بنەماڵەی بەڕێزی خوالێخۆشبێت کاك سلێمان خالید ئاژگەیی

هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبێت کاك سلێمان خالید ئاژگەیی نیگەران و خەمباری کردین، بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و هەموو کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. خوای گەورە سەبوری بە هەموولایەك ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

وەزارەتی ڕۆشنبیری پرسەنامەیەک ئاراستەی بنەماڵەی سلێمان ئاژگەیی دەکات

بنەماڵەی بەڕێزی تێکۆشەر و ڕۆژنامەنووسی کورد سلێمان ئاژگەیی

هەواڵی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون (سلێمان ئاژگەیی) خەمباری کردین. ئاژگەیی خەباتکارێکی بەهەڵوێست و ڕۆژنامەنووسێکی بەسەلیقە و دڵسۆز بوو،، کە بە شانازییەوە ناو و کار و بەرهەمەکانی دەچێتە نێو لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە.

بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - هەوە هاوخەمیی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان و سەرجەم ڕۆژنامەنووسان دەکەین.

گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم و ناخۆشی بێت .

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

پارێزگاری هەولێر پرسەنامەیەک ئاراستەی بنەماڵەی تێکۆشەر خالید ئاژگەیی دەکات



بەڕێزان لە بنەماڵەی تێکۆشەر خالید ئاژگەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك سلێمان، کوڕە گەورەی تێکۆشەری دێرین خالید ئاژگەییمان پێ گەیشت، بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمیمان ڕادەگەینین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات .

د.فەرسەت سۆفی
پارێزگاری هەولێر

کەنعان خەیلانی پرسەنامەیەک ئاراستەی بنەماڵەی تێکۆشەر خالید ئاژگەیی دەکات



بەڕێزان لە بنەماڵەی تێکۆشەر خالید ئاژگەیی
برای بەڕێزم کاك ئەردەلان ئاژگەیی

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوای باوکی بەڕێزتان (مام سلێمان خالد ئاژگەیی) مان بیست زۆر خەمباربووین خۆمان بەهاوبەشی خەمی خانەوادە و ئێوە ئەزانین ، لێرەوە پرسە وسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەو بنەماڵە کەتان دەکەین.

لە خوای مەزن داواکارین گیانی پاکی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شادبکات سەبروئارامیش بە ئێوەو هەمووالیەک ببخشێت .

إنا لله وإنا إليه راجعون.

کەنعان خەیلانی
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر

ئایا (ئەستێرەی گەلاوێژ) کاریگەریی لەسەر کەشوهەوای کوردستان هەیە؟



لەنێو کلتووریی کوردەواریی خۆماندا وا هاتووەو باوە، کەوا لەگەڵ هەڵاتنی (ئەستێرەی گەلاوێژ) (Sirius) (الشعری الیمانیە) کەش و هەوای گەرمی هاوین بەرەو فێنکبوون هەنگاو دەنێ و بە پێی حیسابگرەکانی پێشینانمان، ئەو ئەستێرە هەرە گەش و سەرنجڕاکێشەی ئاسمان لە نێوان٥ تا ١٥ ئابی هەموو ساڵێك پێش خۆر هەڵدێت و بەمەش دەستپێکی گۆڕانی کەش و هەوا سەرهەڵدەدات.

ئەگەر بَیینە سەر واقیعی زانستیی، ئەوا بێگومان هیچ پەیوەندییەکی فیزیایی - فەلەکیی - کەش و ئاوو هەوایی راستەوخۆ لەنێوان ئەو ئەستێرەیەو کەش و هەواو وەرزەکانی رووی هەسارەماندا نییە، بەڵکو تەنها هێایەکی بیراوەو پێشینانمان وەك کاتژمێرێك رۆژ ژمێرێك بەکاریان هێناوە بۆ دەرخستنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە رەنگە لە نزمبوونەوەی قۆناغێی بە قۆناغیی پلەکانی گەرما لەناوچەکەماندا بەتایبەتی و وڵاتانی جیهان بە گشتی رووبدات و مەرجیش نییە هەموو ساڵێك وەك یەك بن.

هیچ ئەستێرەیەك، جگە لە خۆر کە نزیکترین ئەستێرەیە لێیان، کاریگەری لەسەر کەش و ئاوو هەوامان نییە، وە لەبەر دووریی یەگجار زۆر ماوەی نێوان هەسارکەمان و ئەستێرەی (گەلاوێژ) کە دەگاتە زیاتر لە ٨١ تریلیۆن کیلۆمەتر، بۆیە، گومان لەوە نییە کەوا ئەوی باس دەکرێت تەنها ئاماژەیەکی بیراوە و بەکارهێنانێکی هێایی، نەوەك فیزیایی و فەلەکیی و کەش و هەواییە لەنێوان کاتی دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیەو لە ئاسمانی نیوەگۆی باکوورو ئینجا شۆێنگەی زەوی لە کاتی خولانەوەی بە دەوری خۆر، کە لە دوای (هەڵگەڕانەوەی هاوینە لە ٢١ یان ٢٢ حوزەیران) ی هەموو ساڵێك ئیدی، تیشکی خۆر لەنیوەگۆی باکووردا رۆژ دوای رۆژ کورت دەبێتەوە تا دەگاتە خاڵی (یەکسانبوونی پایزیی لە ٢٠ یان ٢١ ی ئەیلوول) ی هەموو ساڵێك، هەربۆیە، لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی مانگی ئاب، هەست بە گۆڕانکاریی لە پلەکانی گەرما دەکرێت و زیاتر بەرەو نزمبوونەوە دەڕوات.

ئێستاش بە بزانین لە رووی زانستی فیزیا- فەلەکییەوە ئەو ئەستێرە گەشو سەرنجڕاکێشە چ تایبەتمەندیەکی هەیەو لە خۆری ئێمەی جیا دەکاتەوە؟

• ٢٩ ی تەموزوی هەموو ساڵێك لە کاتژمێر ٥:١٢ ی بەیانیبە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵاتدا لەگەڵ خۆرهەڵدێت.

• ئەستێرەیەکی رەنگ شینی - سپی باوە و یەکێکە لە ئەستێرە دراوسێیەکانی خۆر و مەودای نێوانمان ٨,٦ ساڵی رووناکییە، واتە ٨١ تریلیۆن و ٢٧٠ ملیار کیلۆمەتر، کە لە رووی فەلەکییەوە دوورییەکی کەمەو هەر ئەمەش وایکردووە (گەلاوێژ) ببێتە چوارەم گەشترین تەنی ئەسمانیی لە دوای (خۆرو مانگ و زوهرە) دا.

• قەبارەکەی دووجار ئەوەندەی خۆر دەبێ و ٢٥ جاریش لە خۆر گەشترە.

• تیرەی ٢ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کیلۆمەترە (خۆر ١ ملیۆن و ٣٩٢ هەزار ٧٠٠ کیلۆمەترە).

• تەمەنی زۆر بچووکترە لە خۆر کە ٢٣٠ ملیۆن ساڵە (٤ ملیارو ٦٠٣ ملیۆن ساڵە) و (زەوی ٤ ملیارو ٥٤٣ ملیۆن ساڵە).

• پلەی گەرمیی رووەکەی لە سنووری ٩ هەزارو ٤٠٠ پلەی سیلیزییە (خۆر ٥٥٠٠ پلەی سیلیزییە).

لە راستیدا گەلاوێژ دوو ئەستێرەیە، گەشەکە ئێمە دەیبینین و ئەوی دیکەیان لە جۆری (گرگن یان ئەستێرە سپیپە بچووکەکانە - White dwarf) تەنها لە ڕێگەی تلسکۆبە گەورەکاندا دەبینرێ، پێشتر ئەویان گەشتر بووە لە هی ئێستا، بەڵام نزیکەی ١٢٠ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا قەبارەکەی زۆر گەورە بووە و بۆتە (نەفرەنجای سوور) و لە دەرەنجامی تەقینەوەیەکدا، چینە دەرەکییەکانی پەرش و بڵاو بۆتەوەو لە کۆتاییدا تەنها ئەو ئەستێرە سپیپە بچووکەی لێ ماوەتەوە.

هەر 10 ساڵ جارێک ئەستێرەیەک دەخوات!

لەیەکێ لە دۆزینەوە سەرسامکەرەکانی تایبەت بە جیهانی ئەژدیها گەردوونییە شاردراوەکان، کە مەبەستمان (کونە ڕەشەکانە - The Black Holes) ن، تیمێك لە پسپۆڕانی (زانکۆی نیو هامبشایەری بەریتانی) توانیان لە دووریی (١,٨) ملیار ساڵی رووناکی لە زەوی و لەنێو یەکێ لە گەلەستێرە بچووکەکاندا، یەکێ لەو ئەژدیهایە گەردوونیانە بدۆزنەوە کە لە ماوەیەکی پێوانەیی بێڕێنەدا ئەستێرەیەك (دەلوشێنێ) کە تەنها (١٠) ساڵ دەخایەنێت، وە ئەم دۆزینەوەیەش لە نێو گۆڤاری (سروشت - Nature) و سایتی فەرمیی ئاژانسی (ناسا) شدا بڵاوکراوەتەوە.

«ئێمە روانگەی کردارێکی - شێتانە - ی قووتدانی ئەستێرەیەکان کرد لەلایەن کونێکی ڕەش کە لەماوەی تەنها (١) ساڵدا کۆتایی بە بوونی ئەستێرەیکی نزیك خۆیدا هێناوە، بەڵام ئەو کردارە بە گشتی لە ماوەی ساڵێکدا نەبووە، بەڵکو ئەوەی بینیمان کۆتا قۆناغی کردارێکی خواردنی ئەو ئەستێرەیە بوو کە (١٠) ساڵ پێش ئێستا دەستیپێکردبوو»، لە زاری زاناو لێکۆڵەر (داتچینگ لینگ) لە (زانکۆی نیو هامبشایەری بەریتانی).




فەلەکناسان گەشترین تەنی نێو گەردوونیان بینی!

پسپۆڕانی فەلەکناسی توانیان یەکێ لە کۆنترین و دوورترین و لە هەمان کاتدا گەشترین و رووناکترین تەنی نێو گەردوونی بدۆزنەوە کە بە (بلازار) دەکان ناسراون، (بلازار) یش کورتکراوەی blazing quasi-stellar object ە، واتە (نیمچە ئەستێرەیەکی گەشبووەوە) کە لە راستیدا خۆی ئەستێرە نییە بەڵام شێوەی لە ئەستێرە دەچێ و بریتییە لە ناوکی گەلەستێرە یەگجار زۆر دوورو هەرە چالاکەکانی نێو گەردوونن و سەرچاوەی یەگجار زۆر مەزنی دەرچوونی تیشکەکانن و هۆکاری دەرچوونی ئەو تیشکە یەگجار زۆر مەزنانەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کونی ڕەشی سەرووی مەزنلە ناوەڕاستی ئەو سەرچاوانەوە.

ئەو سەرچاوەیە ناسراوە بە «PSO J٠٣٠٩٤٧,٤٩ + ٢٧١٧٥٧,٣» ماوەی نێوانمان دەگاتە سنووری ١٣ ملیار ساڵی رووناکی، ئەمەش وایکردووە کە پسپۆڕانی فەلەکناسی سەریان بسوڕمێ لەتەك ئەو هێزو توانا تیشکییەی کە لەو تەنە ئاسمانییەوە دەردەچێت سەرەڕای بوونی ئەو ماوە سەرسامکارەی نێوانمان و بەو پێیە دەبێ بارستایی ئەو تەنە ئاسمانییە ملیارێك جار ئەوەندەی بارستایی خۆری ئێمە بێت.

پسپۆڕان دەڵێن، هۆکاری دەرچوونی ئەو بڕە مەزنەی تیشك دەگەڕێتەوە بۆ کەوتنی ماددە بۆ ناو جەرگەی کونە ڕەشەکە، کە دەبێتە هۆی چالاکبوونی یەگجار زۆری و پاشان دەرچوونی بڕێکی ئاوا مەزنی تیشك و تەنانەت مادەش کە خێراییان دەگاتە نزیکی خێرایی تیشك.



(کۆرۆنای خۆر - SUN CORONA) چییە و چۆن دەبینرێت؟



بەر لە هەموو شتێك ئەو دیاردە ئاسمانییە بەهیچ جۆرێك هیچ پەیوەندییەکی بە (پەتای کۆرۆنا) وە نییەو تەنها لێکچوونی ناوەکەیە.

(کۆرنا - یان چەپکە- ی خۆر) یان (کۆرۆنای مانگ) دیاردەیەکی فیزیاییەو لەنێو بەرگەهەوای زەویدا رووەدات و بریتییە لە شکانەوەو شیبوونەوەی تیشکی خۆر یان رووناکی مانگی تێپەڕبوو بەنێو دڵۆپەی ئاوی شل یا سەهۆڵبووی چینە هەورە بەرزەکان و دروستبوونی چەپکەیەك یان چەندین چەپکەی رەنگاو رەنگی پەلکە زێڕینەیی لە دەوروبەری دیسکی گەشی خۆر یان رووناکی مانگ بە پێوانەی ١٥ پلە، کە نزیکە لە دیاردەی (خەرمانەی ٢٢ پلەیی خۆر و مانگ - Sun and Moon Halo) بەڵام ئەمەی دوایی زۆر گەورەترەو زۆرتر روو دەدات بە بەراورد لەگەڵ (کۆرۆنای خۆر یان مانگ).

کۆرۆنای خۆر بە شێوەیەکی گشتی خاوەن چەقێکی زۆر گەشە کە هەمان ئەو ناوچەیە کە دەوری خۆر یان مانگی چواردەی داوەو شێوەشی بە زۆری هێلکەییە، قەراغی دەرەکیی ئەو ناوچە گەشە ڕەنگی زەردو سوورەو لە دوای ئەو ئەڵقەیەك یان چەند ئەڵقەیەکی بازنەیی داخراوی یەك لە دوای یەك بە ڕەنگی پەلکە زێڕینە دەردەکەوێت، بە تایبەتیش ڕەنگەکانی سەوزو زەردو سوور.

ئەو دیاردەیە کەم روو دەدات و بە هیچ شێوەیەك هیچ زیانێکی نییە، وە بە تەواویش جیاوازە لەو ناوچەیەی کە بە (خەرمانەی دەرەکیی خۆر - Solar Corona) ناسراوە، چونکە ئەمەیان لە دەرەوەی بەرگە هەوای زەوییەو بە سەدان ملیۆن کیلۆمەتر لێمانەوە دوورەو راستەوخۆ لە دەوری خودی خۆرە.

بە پێ داتایەکانی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان) ئەم دیاردەیە لە ٢٠١٨,٣,١٣ و ٢٠٢٠,٤,٨ لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتەوە وێنەشی گیراوە.

خەبات
www.xebat.net
یەکشەممە 2020/8/9 ژمارە(5983)
hawarmurtkaee@yahoo.com
ماسك بەستن

ئەحمەد عەزیز ناوبژیوانێکی عێراق کۆچی دوایی کرد



رۆژی هەینی مامۆستا ئەحمەد عەزیز ناوبژیوانی پێشووی پلەیەکی تۆپی پێی عێراق و ئەندام دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵان و لەگەڵ هاوژین و کۆڕەکەی بەرووداوی هاتووچۆ لە سەر ڕێگای هەولێر-کۆیە گیانیان سپارد.

ئەحمەد عەزیز کە دەکاتە برای مەحمود عەزیز جێگری بەڕێوبەری گشتی وەرزشی کوردستان و سەرۆك یەکێتی پایسکلسواری عێراق، وەرزشوانێکی دیاری کوردستان و عێراق بوو، لەهەمان کاتیش بەرپرسی فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بوو، بەناوی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین، لەخوای مەزن داواکارین بەبەهەشتی بەرنان شاد بکات

ئیشبیلیا و لیڤەرکوزن گەیشتنە قۆناغی هەشتی یۆرۆپالیگ

لە یاری یەکەمدا کە یاری یەکلاکەرەوە بوو و بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنا یاری چونی تێدا ئەنجامنەدرا، یانەی ئیشبیلیا بە دوو گۆڵی بێوەڵام لە یانەی ڕۆمای بردەوە.

لە گێمی یەکەمدا و لە خولەکی ٢٢دا سێرخیۆ ریگیلۆن بە شێوازێکی جوان گۆڵی یەکەمی بۆ یانە ئەندەلووسییەکە تۆمارکرد، هەر لەم گێمەدا و لە خولەکی ٤٤دا یوسف نەسیری گۆڵی دووەمیشی تۆمارکرد، پێشکۆتاییهاتنی یارییەکەش جیانلوکا مانچینی لە یانەی ڕۆما بە کارتی سوور کرایە دەرەوە.

لە یاری دووەمیشدا یانەی بایەر لیڤەرکوزن بە گۆڵێکی بێوەڵام شکستی بە یانەی گلاسکۆ ڕێنجەرز هێنا کە ستیڤن جێرارد ڕاهێنەری یانە سکۆتلەندییەکەیە. تاکە گۆڵی بردنەوەی یارییەکە لە خولەکی ٥١دا لە ڕێگەی یاریزان موسا دیابییەوە تۆمارکرا.

لە یاری چوونیشدا بایەرلیڤەرکوزن بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، بەمەش بلیتێکی قۆناخی هەشتی یۆرۆپالیگی وەرگرت.

ڕیال مەدرید و ڕۆنالدۆ بۆ دەرەوەی چامپیۆنسلیگ

هەردوو یانەی مانچێستەر سیتی و لیۆن، گەشتنیان بە قۆناخی داهاتووی چامپیۆنزلیگ یەکلاکردەوە، دوای ئەوەی بەسەر یانەکانی ڕیال مەدرید و یوڤانتۆسدا سەرکەوتن.

مان سیتی لە یاریگەی ئیتیحاد شکستی بەسەر یانەی ڕیال مەدریددا بەهەمان ئەنجامی یاریی چوون دووبارەکردەوە و دوو بە یەك یارییەکەی لێبردەوە و بەکۆی هەردوو یارییەکە ٤-٢ براوەبوو.

زیدان یەکەمجارە لە قۆناخی کرانەدەرەوەدا ماڵئاوایی دەکات، کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا سێ نازناوی خولەکەی بردبووەوە.

گۆڵەکانی سیتی بەهەڵەی کوشندەی ڕافایل ڤاران تۆمارکران، یەکەمیان ڕەحیم ستێرلینگ کردی و ئەوەی دووەمیش گابریێل خیسۆس هێنای، لە نێوان هەردوو گۆڵەکەی سیتیدا کەریم بنزیما بە لێدانی سەر گۆڵێکی بۆ ڕیال تۆمارکرد.

لە قۆناخی داهاتوو مان سیتی بەرامبەر بە یانەی لیۆن یاری دەکات، دوای ئەوەی لیۆن بە ئەنجامی یاریی هاتن و چوون لە یوڤانتۆسی بردەوە، هەرچەندە لەم یارییەدا ٢-١لە سوودی یوڤێنتوس کۆتاییهات.

بردنەوە بەم ئەنجامە سوودی نەبوو، چونکە دەبوو گۆڵێکی دیکەش تۆماربکەن، بەڵام کورانی ساری شکستیانهێنا و ماڵئاواییانکرد.

سەرەتا دێپای بە لێدانێکی سزا گۆڵی یەکەمی لیۆنی تۆمارکرد، بەڵام کریستیانۆ ڕۆنالدۆ دوو گۆڵەکەی یوڤێنتوسی کرد، یەکەمیان بە لێدانی سزا و دووەمیش بە لێدانێکی بەهێز بوو.

یاری کۆتایی سوپەری ئەڵمانیا دیاریکرا


فیدراسیۆنی تۆپی پێ ئەڵمانیا دوای دیاریی کردنی یاریيەکانی وەرزی داهاتووی بۆندزلیگا، واەی یاریی جامی سوپەری وڵاتەکەشیان دیاریی کرد.

ماڵپەڕی فەرمی فیدراسیۆنی تۆپی پێ ئەڵمانیا واەی بەڕێوەچوونی یاریی جامی سوپەری وڵاتەکەیان لە نێوان بایرن میونشن و بوروسیا دۆرتمۆند ڕاگەیاند و بڕیارە یارییەکە ٣٠ سێبتەمبەری داهاتوو لە یاریگەی ئالیێنز ئارێنای تایبەت بە باڤارییەکان ئەنجام بدرێت.

هەر ساڵ ئەو یارییە لە یاریگەی پاڵەوانی جامی ئەڵمانیا یاخود دووەمی بۆندزلیگا دەکرا، بەڵام ئەمساڵ بڕیارەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوو و یارییەکە لە یاریگەی پاڵەوانی بۆندزلیگا دەکرێت.

ڤاران سەرقافلەی لیستە ڕەشەکەی ئەوروپا دەگرێت





رافاییل ڤاران بەرگریکاری یانەی ڕیال مەدرید دوو هەڵەی گەورە ئەنجام دەدات و لەئاکامدا یانەی مانچستەر سیتی دوو گۆل تۆمار دەکات، کە ٢-١ لەمیانی یاری گەڕانەوەی خولی ١٦ ی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە یانەی ڕیال مەدریدیان بردەوە. تۆڕی سکواکا بۆ ئامارەکان بڵاوکردەوە کە ڤاران یەکەمین یاریزانە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە چوار وەرزی کۆتاییدا ٣ هەڵەی زەق دەکات و هەر سێ هەڵەکەش گۆڵی لێدەکەوێتەوە، بەمەش سەرقافلەی ئەو لیستە ڕەشەی ئەورووپا دێت و لەدوای ئەویش هەریەك لە لاپۆرتی بەرگریگاری مان سیتی لەبەرامبەر تۆتینهام، کارۆسی گۆڵچی ڕیال مەدرید بەرامبەر مان سیتی.

ممفیس دیپای، ڕۆنالدۆی دوورخستەوە

دەرکردنی یانەی یۆڤێنتۆس و ڕۆنالدۆی ئەستێرە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەسەر دەستی یانەی لیۆنی فەرەنسی، بووە ناونیشانی زۆربە ڕۆژنامەکانی فەرەنسا و هەریەکەو بەمانشێتێکی سەرنج ڕاکێش ئاماژەی بەیارییەکەی نێوانیان کردبوو.

ڕۆژنامەی لی فیگارۆ بەمانشێتێکی گەورە کە وێنەیەکی ممفیس دیپای بڵاوکردۆتەوە کە خاوەنی گۆڵەکەی لیۆن بوو بەپەنالتی نوسیویەتی: ممفیس دیپای، ڕۆنالدۆی دوورخستەوە.

جێی باسە ئەگەرچی یانەی لیۆن لەم یارییەدا دۆڕا بەڵام سەرکەوت بۆ قۆناغی داهاتوو، چونکە لەیاریی چوونیدا ١-٠ لە یۆڤی بردبۆوە.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

بەرەو 74 سەین سالیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

Sun.9 Aug. 2020 No.:(5983)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

گۆڤەند عەبدوڵڵا :

ئافرەت کاڵا نییە بەڵکو پێویستییە بۆیە چەندە ئامێرێکی موزیک خزمەت بە بەرهەمێکی موزیکی دەکات ئافرەتێکیش بەهەمان شێوە



دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین

گۆڤەند عەبدوڵڵا ژەنیاری ئامێری عودو دانەری موزیک،ماوەی 20 ساڵە کاری موزیک دەکات و لەڕابردودا لە زۆرێک لە گروپەکانی وەک مەولەوی،مەلیزاند،سەنتەری گەنجان،فۆلکلۆر،گەلی کوردستان..... کاری کردووە،وە لە ئێستادا بەرپرسی کارگێڕی گروپی موزیکی لورە و هاوکات فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیک وە لە فیرگەی گروپی لورِ وەک مامۆستایەک وانەی ئامێری عود بە خوێند کارەکانی دەڵێتەوە،ئەوموزک ژەنە لاوە دڵی بۆخەبات دەکاتەوە لەم دیالۆگەدا بۆچوونەکانی بخوێنەوە:

بۆمۆسقات هە ڵێژارد؟

ڕاستییەکە ئەوەیە من مۆسیقام هەڵبژارد مۆسیقا منی هەڵبژارد چونکە بە بڕوای من هونەری مۆسیقا ئەو بوارە نییە هەڵبژاردنی لای تۆ بێت هەموو کەس پێویستە لە ژیاندا ئامێرێکی موزیک بتوانێت بژەنێت دواتر گەر بەهرەیەکت تێدا بوو مۆسیقا خۆی تۆ هەڵدەبژێرێت و دێتە ڕۆحتەوە.

عودلای تۆچی دە گەیە نێت؟ جگە لە ئامیری عود چی ئامیریکی دیکە دە ژەنیت؟

لای من عود دەوڵەمەند ترین ئامێری ڕۆژهەڵاتییە،وەکاتێک ناوی ئەم ئامێرە دێت یەکسەر ووشەی(ووزە) دێتە خەیاڵ و هزرمەوە چونە هەمیشە ووزە دەبەخشێتە من بۆ بەردەوام بوون لە ژیان و زاڵ بوون بەسەر تەنگ وچەڵەمەکاندا،وە بێ لە عود ئامێری سازو ئامێرە ڕیتمیەکانیش دەتوانم بژەنم.

مە رجە عازف لە هە موو ئالیە تە کان شارە زابیت؟

ئەو کەسەی کاری دانانی موزیک دەکات پێویستە شارەزاییەکی گشتی لەسەر مەودای دەنگی ئامێرەکان و ڕەنگی دەنگیان هەبێت بەڵام وەک ئەوەی ژەنیار بیت هەموو تەمەنی مرۆڤ گەر بەشی ئەوە بکات حەقی ژەنین بداتە یەک ئامێر مانای وایە داهێنانی کردووە جا چجای ئەوەی فریای چەند ئامێرێک بکەوێت.

هۆکاری نە مانە وەی بەرهەمی هونە رمە ندان لە ناوخە ڵک لە سە رزاری خە ڵک بۆچی دە گە ڕێنیتە وە؟

هونەر بەدەر لە تەکنیک و تەکنیک پێویستی بە ڕۆحە وە ڕۆحیش لەنا و هونەردا بەوە دروست دەبێت کە بە دڵ بەرهەمی هونەری دروست بکەیت، سەرەڕای ئەمەش هونەرمەند لە جیهاندا پاکێجێکە لە هونەر واتە کاتێک دەڵێن ئەو هونەرمەندە بەرهەمێکی دروست کرد لانی کەم لەبوارەکانی تێکست و ئاوازو ووتن و موزیک چەند لایەنێکی ئەگرێتە ئەستۆو بەرهەمێک دروست دەکات نەک ئەوەی هەرکەسێک لایەنێک بگرێتە ئەستۆو زۆر ڕوحیان دوربێت لە یەکەوەو گۆرانییەژ تەنها دەنگ بخاتە سەر بەرهەمەکەو بڵێت کارێکی هونەریم دروست کردووە، نەبوونی ئامانە لە ئێستادا هۆکاری نەمانەوەی بەرهەمەکانن.

وە کولاوێك خە ون بە چی دە بینیت؟

خەون بەووەوە دەبینم ڕۆژێک بێت هونەری میللەتەکەم فۆرمێکی تایبەتی هەبێت لەسەر ئاستی جیهان و قسەی خۆی هەبێت.

چی دەبارەی سەربەخۆی وردستان دەڵێیت؟

هەموو مرۆڤێک لەسەر ئاستی تاك و وەك قەومییەتیش ئاواتی سەربەخۆ بوونی هەیە بەمەرجێ کاتی بێت و دەسەڵات و سیاسییە کانمان لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن چونکە ژێردەستە بوونم پێ باشترە لە دەوڵەتدارییەکی بێ پەنسیپ.

شە هیدان و پێشمە رگە لە کوێی خە ونی داهاتوی تۆن؟

شەهیدان ڕۆحیان ئارام بێت و خوێنیان جێگای فەخرە بۆ ئەم میللەتە،پێشمەرگەش ئەو چینەی کۆمەڵگان کە ئەرکی پاراستنی خاك و میللەتیان لە ئەستۆیە.

حە زدە کە ت کاری هونە ری بۆێ بکەیت؟

هەرکەس حەزم کردبێت لە کاروانی هونەریمدا کارم بۆ کردووە لە ئێستادا لە هەموکەس زیاتر حەز دەکەم کار بۆ خۆم بکەم.

دەبارەی بەکارهێنانی ئافرەت لەکلیپەکان دەڵێیت چی؟

ئافرەت کاڵا نییە بەڵکو پێویستییە بۆیە چەندە ئامێرێکی موزیک خزمەت بە بەرهەمێکی موزیکی دەکات ئافرەتێکیش بەهەمان شێوە گەر بە شێوەیەکی تەندروس بەشداری پێ بکرێت.



بەڕێوەبەری باڵای گووگڵ، سەندەر پیشای گوتی ئەو کارمەندانەی پێویست ناکات لە نووسینگە بن، بڕیاردەی کارکردنیان لە ماڵەوە تا 30ی حوزەیرانی 2021 بۆ درێژ دەکەینەوە. کۆمپانیای تەکنەلۆجیای ئەمەریکی گووگڵ، شێوازی کارکردنی لە ماڵەوە تا 30ی حوزەیرانی 2021 درێژکردەوە کە بەهۆی باڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19)ەوە پەیرەوی دەکات. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ڕاگەیاندنی ئەمەریکادا باڵاوکراونەتەوە، بەڕێوەبەری باڵای گووگڵ، سەندەر پیشای ئیمەیلێکی بۆ کارمەندانی کۆمپانیاکە ناردووە سەبارەت بە بابەتەکە. سەندەر پیشای لە ئیمەیڵەکەیدا دەڵێت ئەو کارمەندانەی پێویست ناکات لە نووسینگە بن، بڕیاردەی کارکردنیان لە ماڵەوە تا 30ی حوزەیرانی 2021 بۆ درێژ دەکەینەوە. بەڕێوەبەری باڵای گووگڵ هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە کە زۆر شت لە ئەزموونی کارکردن لە ماڵەوە فێربوون و ئەو ئەزموونە لە شێوازی کاری داهاتووی گووگڵدا، بەکار دەهێنن. ئەو بڕیارەی گووگڵ، نزیکەی 200 هەزار کارمەندی هەمیشەیی و گرێبەستی کۆمپانیاکە دەگرێتەوە.



